# وەرچەرخانی ئاراستەی کێشەکان لە پیادەکردنی سیاسەتی هێزەوە بۆ پیادەکردنی هێزی سیاسەت و بونیادی سیستمی ئاشتی






ئەمانوئێل کانت

((دووشت زۆر بە سەرسامی و ڕێزەوە ویژدانی داگیرکردوم، چەند بیری لێدەکەمەوەو تەئەمولی لەسەر دەکەم بە بەردەوامی زیاد دەبن و تازە دەبنەوە، ئەو دوو شتەش بریتین لە ئاسمان و ئەستێرەکانی لەسەر سەرم و قانوونی ئەخلاقی لە ناو سنگم)).


共存しなさい
e=mc2
共存
male
peace
art
past
exist together
сосуществовать
חי באחדות
Paganism
藝術
joy
喜悦 愛
sameksistere
present
Hindu
共存
music
life
recognize and accept
συμβιώνω
mathematics
love
Taoism
同時に存在する
nature
share
科學
hope
Confucianism
science
和平
تعايش
religion
數學
coexist
音樂
Islam
男性
technology
Judaism
future
Christian
koexistieren
宗教
Buddhism
coexistir
live in peace with another
Pagan
女性





دیکارت دەڵێت: (یاسای گەورە گەردوونی ڕێکخستووە، بەڵام ئەم یاسا گەورانە سادەن)، ئەم قسەیەی دیکارت کە بەرهەمی پێشکەوتنی زانست و سەرەتای کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای هەنگاو هەڵگرتنە بۆ ڕۆشنگەری و تێگەیشتن لە ئاشتی و لێبوردەیی، بەرەو ئەوەمان دەبات بڵێین ئەو یاسایانەشی ژیانی مرۆڤەکانی سەر هەسارەی زەوی ڕێکدەخەن، دیسان یاسای بەرز و گەورەن، بەڵام یاسای سادەن و لەناو جەستەی مرۆڤەکاندا بوونیان هەیە و پێویستی بەئیرادەیەکی خێرە بۆ ئەوەی کامەرانی بۆ مرۆڤەکان فەراهەم بکات، بۆیە کاتێك لەدوای دیکارت و لەسەر دەستی نیوتن دابڕانی دووەمی زانستی دروست دەبێت، لەسەر دەستی (کانت)یش دابڕانی دووەمی مەعریفی دەست پێدەکات و هۆشیاری مرۆڤ پێدەنێتە قۆناخێکی دیکە و بیرکردنەوە لە ڕێکخستنی گەردوونەوە دەگاتە ئەوەی بیر لە ڕێکخستنی پێوەندی نێوان گەلان و نەتەوەکان بە ئاشتی بکرێتەوە و کۆتایی بە شەڕ بێت و ئازادی لەناو ئاشتیدا ڕەنگبداتەوە.

کەواتە ئەگەر لێرەوە بیرکردنەوەی مرۆڤ لە گەردوون و پێکهاتەکانی پێویستی بە زانستێك بێت کە پێی دەگوترێت زانستی فیزیقیا یان تیۆری سروشت، ئەوا یاساکانی ئازادیش پێویستیان بەزانستێکە کەپێی دەگوترێت ئەخلاق یان تیۆری ئەخلاقی، ئەمانوئێل کانت بەو چەند وشەیەی لە ناو دووکەوانەکەی پێشەکی ئەم بابەتەیە کۆتایی بە کتێبی ڕەخنەی ئەقڵی پراکتیکی هێناوە کە ئەو دوو شتەش (سەرسامی ئەوە لە بەرزی و چۆنیەتی ڕێکخستنی ئاسمان و ئەستێرەکان و بەرزیی و چۆنیەتی کارکردنی قانوونی ئەخلاقی)یە، لێرەوە بایەخی ئەم قسە گرنگە لەوەدایە مرۆڤ چەند بیربکاتەوە و لە گەورەیی ئەو یاسایانە ڕابمێنێ کە گەردوونی ڕێکخستووە، بە هاوتای ئەوە کاتێك لە بەرزی و گەورەیی یاسای ئەخلاقی ورد دەبینەوە جار لەدوای جار نوێبوونەوە و تێگەیشتنی تازەمان بۆ

**ئیرادەی خێر وەك پارچە گەوهەرێك بەهای خۆی لە خودی خۆیدا هەڵگرتووە و کەس ناتوانێت نە لەبەهای ئەو گەوهەرە کەمبکاتەوە نە دەشتوانن بەهای ئەو گەوهەرە زیاد بکەن**

کامەرانی و بەختیاری مرۆڤەکان دەست دەکەوێت.

بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو یاسا ئەخلاقیەی کانت وتەنی لەسنگی هەر مرۆڤێکدا بوونی هەیە، تاچەند ئەم یاسایە دەتوانێت کۆنترۆڵی ئەو لایەنە سلبیانە بکات کە دەبنە مەوهیبەی ئەقڵ، وەك لێهاتوویی، زیرەکی، توانای حکومڕانی، ئازایەتی و سووربوون لەسەر بەدەستهێنانی ئامانجێك، کە زۆر جار ئەمانە دەبنە هۆکاری شانازی بەخۆکردن و بەلاڕێدا بردن و لەبری ئەوەی کامەرانی بەرهەم بێنن، دەرهاویشتەی خراپ وەك شەڕ و توندوتیژی بەرهەم دەهێنن؟ بێگومان ڕاستکردنەوەی ئەو لایەنە سلبیانە پێویستی بەئیرادەی خێرە، بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە ئایا پێناسەی ئیرادەی خێر چییە و چۆنە؟ کانت لە کتێبی بونیادی میتافیزیقیای ئەخلاقدا بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوەو دەڵێت: (لەنێو هەموو ئەو کارانەی لە جیهان و دەرەوەی ئەم جیهانە دەکرێن، ناتوانرێت هیچ شتێك بەشێوەیەکی ڕەهاو بێ هیچ مەرجێك بەخێر هەژمار بکەین، تەنیا یەك کار نەبێت ئەویش ئیرادەی خێرە)).

کەواتە ئیرادەی خێر ئەو هێزە گەورەیەیە کە کۆنترۆڵی لایەنە سلبییەکانی بەرهەمی ئەقڵی مرۆڤ دەکات، مرۆڤ لە ڕێگەی شەڕەوە دەگوازێتەوە بۆ ڕێگەی ئاشتی و بونیادی کامەرانی لە کۆمەڵگە و بونیادی ئاشتی لەنێوان کۆمەڵگە و گەل و نەتەوە جیاوازەکاندا، ئەم میتۆدە بەرەو ئەوەمان دەبات بڵێین ئیرادەی خێر ئەو شاهیدە ئاقڵمەندەیە کە لایەنگیری هیچ لادانێك یان دەرهاویشتەیەکی سلبی بەرهەمی ئەقڵی مرۆڤەکان ناکات، ڕازی نابێت هەوڵەکان بە ئاراستەی خێر پەکبخرێن، بۆیە ئەم شاهیدە ئاقڵمەندە لەسەر ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەبێتە ئەو هێزەی کە نەتوانین بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤەکان و کۆمەڵگە دەستبەرداری بین، بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم هێزە بەچی دەناسرێتەوە؟ ئایا بە کاریگەرییەکانی کە بەجێی دەهێڵێت یان









بەو سەرکەوتنانەی کە بەدەستی دەهێنێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا بیرمەندان دەڵێن مەرج نییە هەموو جارێك و لەهەموو بوارێکدا لەئیرادەی خێر سەرکەوتن بەدەست بهێنیت یان کاریگەرییەکانی هێندە بەهێز بێت دەرهاویشتە سلبییەکان بسڕێتەوە، بەڵکو ئیرادەی خێر کاتێك بەهەموو ئەو هۆکارانەی لەبەر دەستێتی ناتوانێت ئامانجەکە بپێکێت یان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، یان هەتا ئەگەر سەرکەوتووشبوو، ئەوا نە شکستەکان دەتوانن درەوشانەوەی گەوهەری ئیرادەی خێر تۆزقاڵێك کەمبکەنەوە، نەسەرکەوتنەکانیش دەتوانن تۆزقاڵێك درەوشانەوەی گەوهەری ئیرادەی خێر زیاد بکەن، ئەمە بەرەو ئەو ڕاستیەمان دەبات کە ڕاشکاوانە بڵێین ئیرادەی خێر وەك پارچە گەوهەرێك بەهای خۆی لە خودی خۆیدا هەڵگرتووە و کەس ناتوانێت نە لەبەهای ئەو گەوهەرە کەمبکاتەوە نە دەشتوانن بەهای ئەو گەوهەرە زیاد بکەن، هەربۆیە ئەو گەوهەرە لە قوڕدابێت یان لەسەر سینی زێڕ و لە ئاوریشم پێچرابێت، ئەوا هەر ئەو بەهایەی هەیە کە خودی گەوهەرەکە لە خودی خۆیدا هەڵیگرتووە، ئەم گەوهەرە پێویستی بەوە نییە خەڵکانی دیکە پێیداهەڵبڵێن بۆ ئەوە پێمان بناسێنن یان سەرنجی ئەو خەڵکانەی پێ ڕابکێشرێت کە مانا و بەهای ئەو گەوهەرە نازانن، لێرەوە بەدەرکەوتنی هێزی ئیرادەی خێر بۆ هەڵسوڕاندنی یاسای ئەخلاقی، فەرزکردنی میتۆدێك نییە بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکە ملکەچی بن یان پەیڕەوی لێ بکەن، بەڵکو

هۆکارێکە وەك دیاردەیەك خۆی دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی هاریکاری و هەماهەنگی لەنێوان توخمەکانی دیکەی نێو مرۆڤ وەك تاك و کۆمەڵگە وەك کۆی مرۆڤەکان ڕێکدەخات بۆ ئەوەی هەموو لەپێناوی کامەرانی و بەختەوەری کۆمەڵگە هەنگاو هەڵبگرن، ئەم هەماهەنگی و هاریکارییە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە وەك فەلسەفەیەکی میللی ئەخلاقی کە هاتە ئاراوە وەردەچەرخێت بۆ هەنگاو هەڵگرتن بەرەو بونیادی میتافیزقیای ئەخلاق کە دەکرێت پێی بگوترێت یاساکانی ئازادی، کە ئەم یاسایانە بوونیان نابێت ئەگەر ئاشتی و ئاسایش لەو کۆمەڵگەیە بوونی نەبێت، ئەم ئاراستەیە دەروازەی ئەوەمان بۆ دەکاتەوە کە بڵێین ئیرادەی خێر بۆ هەڵسووڕانی یاسا ئەخلاقییەکان، هەنگاوی سەرەتاییە بۆ بونیادی ئاشتی کۆمەڵایەتی و بونیادی ئاشتی لەنێوان گەل و نەتەوە جیاوازەکان و، هەڵسووڕانی ئەم ئیرادەی خێرە کە بە یاسا ئەخلاقییەکان لێبوردەیی و پێکەوەژیان بەرهەم دەهێنن، بەرپەرچی ئەو قسەیە دەداتەوە کە سەدان ساڵ وتراوەتەوە بەوەی هەندێ جار (شەڕ لەپێناوی ئاشتیدا پیادە دەکرێت)، بەڵام مێژوو سەلماندویەتی کە شەڕ لەپێناوی شەڕ و بەدیهێنانی ئاگربەستە و هەرگیز شەڕ ئاشتی بەرهەم ناهێنێت، لەبەر ئەوەی لەو کێشە و تەنگژانەی وەك کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە شێوازی پیادەکردنی هێز بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆتە بەشێك لە تۆڕی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و ناتوانرێت کاتێك بیر لەوە دەکرێتەوە هەنگاو بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکە هەڵبگیرێت، تەنگژەکە لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی لایەنە پێکناکۆکەکان جیابکرێتەوە، بۆ ئەم حاڵەتە دەکرێت نموونەی ڕێککەوتنە سیاسییەکانی نێوان میسر و ئیسرائیل، یان نێوان فەلەستین و ئیسرائیل وەربگرین، هەر بۆ نموونە جیمی کارتەر توانی دەستی سادات و مناحیم بیگن بخاتە ناودەستی یەك و ڕێککەوتننامەی کامپ ڤیدیان پێ ئیمزا بکات، بەڵام ئەم ڕێککەوتنە نەیتوانی ڕێگە لە بەرهەمهێنانی توندتیژی و تیرۆرکردنی سادات بگرێت، هەروەها بیل کلینتۆنیش توانی دەستی یاسر عەرەفات و ئیسحاق رابین لە بۆستن لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئۆسلۆ بخاتە ناو دەستی یەکتری، بەڵام ئەم ڕێککەوتنە نەك هەر نەیتوانی ئاشتی لەنێوان فەلەستین و ئیسرائیل بەرپا بکات، بەڵکو نەشیتوانی ئیسحاق رابین لەدەستی جولەکە توندڕۆکانیش بپارێزێت، ئەمە پێمان دەڵێت لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی بۆتە بەشێك لە پێکهاتەی تۆڕی کۆمەڵایەتی هەردوو لایەنی عەرەبی و ئیسرائیلی، ئەوا پەسەندکردنی ئاشتی یان گۆڕینی ئاراستەی تەنگژەکان بەرەو ئاشتی کارێکی ئاسان نییە.

**پەیامی بارزانی دوورخستنەوەی شەڕە لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمی و دەوڵەتانی دراوسێ. هەربۆیە وەك چەندین جاری دیکەش ڕاشکاوانە ئاماژەی پێکردووە. ئێمە نابینە بەشێك لەو شەڕەی کە ئێستا لەنێوان لایەنە کوردییەکان و دەوڵەتانی دراوسێ بوونی هەیە**

### بونیادنانی ئاشتی لەناو کێشە ئاڵۆزەکانی عێراق و ناوچەکەدا

بەدرێژایی تەمەنی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، کێشە و تەنگژەکانی ئەم وڵاتە لەچوارچێوەی سیستمی بەکارهێنانی هێز و سەرکوتکردن و ملکەچپێکردنی بەرامبەر مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، هەربۆیە ئەم مێژووە بێجگە لەخوێن ڕشتن و کۆمەڵکوژی شتێکی دیکەی بەرهەم نەهێناوە، هەروەها زیاد لەمەش توندوتیژی

**پێش دەسپێکردنی پرۆسەی ئازادی عێراق و ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، بارزانی بە ڕاشکاوی بەهەموو لایەنە سیاسییە عێراقییەکانی ڕاگەیاند کە تەنیا ڕێگە بۆ بونیادنانەوەی عێراقی نوێ، هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێیە**



و یەکتری ڕەتکردنەوە بۆتە بەشێك لە نەسیجی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە جیاوازەکانی عێراق و ئێستا سیاسییەکانی عێراق ناچارن بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و سەلماندنی خۆیان لەنێو ئەو توندوتیژی و یەکتری ڕەتکردنەوەیە بڕیاری خۆیان بدەن لەناو نەسیجی کۆمەڵایەتی عەرەبی عێراقدا، هەربۆیە کاتێك بمانەوێت لەسەر ئەم ژینگەیە بیر لەوە بکەینەوە کە ئاڕاستەی بەڕێوەبردنی ئەم کێشەیە لە پیادەکردنی هێزەوە بگۆڕین بۆ پیادەکردنی ئەقڵ و لۆژیك و چارەسەری ئاشتیانە بۆ ئەو کێشانە بدۆزینەوە، ئەوا هەست دەکەین ڕۆشنبیری چارەسەری ئاشتیانە بۆ چارەسەی ئاشتیانەی کێشەکان، لەگەڵ دیاردەی توندوتیژی و یەکتری ڕەتکردنەوە پێچەوانە دەبێتەوە و هەست دەکەین ئامادەباشی بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆشنبیری و هەوڵەکان بۆ چارەسەری کێشەکان بە شێوازی ئاشتیانە وەك پێویست ڕێزی لێ ناگیرێت، ئەمەش وەنەبێت حاڵەتێکی تیۆری یان مەزندەی میتۆدیی شرۆڤەیەکی سیاسییانە بێت، بەڵکو ئەمە وەڵامی ئەو واقیعەیە کە ڕۆژانە بە چاوی خۆمان دەیبینین، هەر ئەم واقیعەش پێمان دەڵێت کاتێك هەڵوەستە لەسەر کێشەیەکی وەك کێشەکانی ئەمڕۆی عێراق دەکەین، پێویستە واقیعی سیاسیی لە واقیعی کۆمەڵایەتی پێکهاتەکانی عێراق لێکجیانەکەینەوە، دەبێت ئەو ئەزموونانەمان لەبەر چاو بێت کە تەنیا ڕێککەوتنی سیاسیی و پێکەوە کۆبوونەوەی پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق لەدەوری یەك مێز و دەرکردنی چەند بڕیارێك تەواوی کێشەکان چارەسەر ناکات.

**چەند لەسەر شەڕ و توندوتیژی و یەکتری ڕەتکردنەوە بەردەوام بین، ئەوا سەرەنجام دەبێت هەموو لایەك بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئیرادەیەی کە بارزانی مەبەستێتی هاریکاری و هەماهەنگی لەنێوان ئەو توخمانە دروست بکات کە لەبری توندوتیژی ئاشتی بەرهەم دەهێنن**

پێویستە هاوکات لەگەڵ هەوڵە سیاسییەکان بۆ گەیشتن بەڕێککەوتنی سیاسیی هەوڵی دیکەش لە ئارادا بن بۆ ئەوەی زەمینەی جێبەجێکردنی بڕیارە سیاسییەکان جێبەجێ بکرێن و خۆمان لەو ڕاستیە لانەدەین کە لەناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا ڕەنگی داوەتەوە.

بۆیە ئەگەر لەم خاڵەوە هەڵوەستەیەك لەسەر ئەم هەشت ساڵەی دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق بکەین، کە لەڕووی میدیاوە هەوڵەکان بۆ دروستکردنی بیرکردنەوەیەکی نوێن بۆ بونیادنانەوەی عێراقی نوێ، ئەوا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق نەیتوانی بیرکردنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی عەرەبی عێراق بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی گەلی کوردستان لە عێراقدا بگۆڕێت و نەیتوانیوە ئاڕاستەی کێشەی چەندین ساڵەی نێوان گەلی کوردستان و حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق لە پیادەکردنی نکۆڵی کردن لەماف و ڕەتکردنەوە بگۆڕێت بۆ دانپێدانان بە یەکتری و پێکەوەژیان، ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە ماوەی هەشت ساڵە هەوڵدەدرێت بە فیکرە کۆنە ڕەگ داکوتاوەکەی زیاتر لە ٨٠ ساڵی ڕابردووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی عەرەبی عێراق، عێراق بونیاد بنرێتەوە کە شایستەی پێکەوەژیانی ئاشتی و ئارەزوومەندانە بێت، بەڵام لەبەر ئاڕاستەی بیرکردنەوەی عەرەبی عێراق لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی نەك سیاسیی ئامادەباشی بۆ جێبەجێکردنی خاڵە نووسراوەکانی نێو ڕێککەوتنە سیاسییەکان نییە (بەدەستووری عێراقیشەوە)، ئەوا وەك دەبینین هەموو ئەو توخمانەی بۆ وەرچەرخانی ئاڕاستەی بەڕێوەبردنی کێشەکان بەرەو چارەسەری

**ئەوەی لەمیانەی گەشتی فراوانی ئەمجارەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕەنگیدایەوە. دووبارە پێشاندانەوەی بۆچوون و تێڕوانینەکانی سەرۆکی کوردستان بوو بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکان و گۆڕینی ئاڕاستەی کێشەکان**



ئاشتی و دەستووریانە ڕیزکراون لەگەڵ مەزاجی گشتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی عەرەبی عێراقدا یەکناگرێتەوە، لێرەوە دەکرێت هۆکاری ئەم حاڵەتە بگێڕینەوە بۆ پێش ڕووخانی ڕژێم و کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەناو خاکی کوردستان و لە وڵاتانی دەرەوەش، بەوەی ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی عێراق چەند مەبەستی بووە تەنیا ڕژێمی پێشوو برووخێت و خۆی جێگەی بگرێتەوە، قەت هێندە مەبەستی ئەوە نەبووە عێراق لەسەر بنەمایەکی ئاشتیانە بونیاد بنرێتەوە، لێرەدا چەند خاڵێك دەستنیشان دەکەین:

١- کاتێك دەڵێین توندوتیژی و یەکتری ڕەتکردنەوە بۆتە بەشێك لە نەسیجی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی عەرەبی عێراقی،

**کاتێك هەڵوێستە لەسەر کێشەیەکی وەك کێشەکانی ئەمڕۆی عێراق دەکەین، پێویستە واقیعی سیاسی لە واقیعی کۆمەڵایەتی پێکهاتەکانی عێراق جیانەکەینەوە. تەنیا ڕێککەوتنی سیاسی و پێکەوە کۆبوونەوەی پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق لەدەوری یەك مێز تەواوی کێشەکان چارەسەر ناکات**

مەبەستمان ئەوەنییە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی عەرەبی عێراق بەسروشتی خۆی حەزی لە توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی بەرامبەرە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە بەدرێژایی زیاتر لە ٨٠ساڵی پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو هەموو ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق تۆوی توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی بەرامبەریان لەناخی کۆمەڵگەی عەرەبی عێراقدا چاندووە، بۆ ئەوەی ئەم تۆوەش بەباشی گەشەبکات و تەواوی نەسیجی کۆمەڵگەی عەرەبی عێراق بگرێتەوە، چەندین جار ڕژێمە یەك لە دوایەکەکانی عێراق پەنایان بۆ ئایینی ئیسلام و پیاوانی ئایینی عەرەب بردووە بۆ ئەوەی فەتوای کوشتنی کورد حەلاڵ بکەن، دواتریش ئەوە بوو لەژێرناوی سورەتەکانی قورئانی پیرۆزدا پرۆسەی جینۆسایدکردنی گەلی کورد بەناوی ئەنفالەوە جێبەجێ کران، لەبەرامبەر ئەم واقیعە پرسیار ئەوەیە ئایا سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لەسەروو هەموویشیانەوە بارزانی نەمر تاچەند هەستی بەم ڕاستیە کردبوو کە ئەمە واقیعی حاڵی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی عەرەبی بەگشتی و عەرەبی عێراقە بە تایبەتی لە بەرامبەر کورد و مافە ڕەواکانی؟ بێگومان مێژوو پێمان دەڵێت بارزانی نەمر نەك لە دەسپێکی شۆڕشی ئەیلول، بەڵکو لە دەسپێکی شۆڕشی دووەمی بارزان و لەوکاتەی کە شەڕی دووەمی جیهانی وەك شەڕی نێوان گەلان لەسەرتاپای جیهان بەردەوام بوو، گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئاشتی نێوان گەل و نەتەوەکان بەشەڕ بەدی نایەت و شەڕ لە باشترین حاڵەتدا ئاگربەستێکی کاتی لەنێو گەلاندا دروست دەکات، ئەگەر ئامانجی کۆتاییمان ئاشتی بێت، ئەوا دەبێت لەریشەوە ڕەگی شەڕ هەڵبکێشرێت، بارزانی نەمر لەیەکەم هەنگاویدا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و بۆئەوەی ڕێگە نەدات توندوتیژی و یەکتری سڕینەوە ببێتە بەشێك لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی گەلی کوردستان و گەلی عەرەبی بەگشتی و عەرەبی عێراق بەتایبەتی، ئەوە بوو وەك یەکەمین دەستپێشخەری لەمێژوودا نامە مێژوویییەکەی بۆ عەبدولڕەحمان عەزام پاشا نووسی کە دوای دامەزراندنی کۆمکاری عەرەبی بووە سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی، تیایدا ڕاشکاوانە دەستی برایەتی بۆ گەلی عەرەبی عێراق ڕاکێشا و داوای کرد کە گەلی کورد و عەرەب وەك برا و دەتوانن پێکەوە بژین، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم هەنگاوەی بارزانی نەمر بۆ برایەتی کورد و عەرەب بووە هۆکاری گۆڕینی بیرکردنەوەی عەرەبی عێراق لە عێراقدا؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا مێژوو پێمان دەڵێت تارادەیەکی زۆر کاریگەری هەبووە، توانیوویەتی وێرای هەموو ئەو هەوڵانەی لەلایەن حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانەوە دران بۆ گۆڕینی خەباتی ڕزگاریی خوازی گەلی کوردستان بۆ شەڕی نێوان کورد و عەرەب، هەوڵەکانی بارزانی توانی ئەم هەوڵانە سنووردار بکات و ڕێگە نەدات شۆڕشی کوردستان بگۆڕێت بۆ شەڕی نێوان کورد و عەرەب، هەر ئەمەش وایکرد گەورە مەرجەعی شیعە سەماحەتی موحسین حەکیم دژی ئەو داوایەی حکومەتی عێراق ڕابوەستێتەوە کە داوای کردبوو فەتوا بدرێت و کوشتنی کورد حەلال بکرێت.

بۆیە ئەم مێژووە پێمان دەڵێت لەماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوو لەناو پێکهاتەی عێراقدا ئیرادەیەکی شەڕخوازی هەبووە بۆ ئەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی عەرەبی عێراق بۆ شەڕ ئامادەباش بکات، لەبەرامبەردا ئیرادەیەکی خێر لەناو شۆڕشی کوردستاندا هەبووە کە گەلی کوردستانی بۆ یەکتری قبوڵکردن و درێژکردنی دەستی برایەتی و پێکەوە ژیان ئامادەکردووە.



٢- بەڕێز مسعود بارزانی کە یەکێکە لە قوتابییەکانی بارزانی نەمر، نەك هەر هەمان ڕێبازی درێژە پێدا، بەڵکو ئەم چەمکەی زیاتر فراوانتر کرد و کردییە میتۆدێکی تایبەتی بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەم فراوانکردنەش لەبەر ئەوەبوو قۆناخی سەرۆکایەتی مسعود بارزانی لە قۆناخی سەرۆکایەتی بارزانی نەمر جیاواز بوو، کێشەکان یەك ئاراستەیان نەبوو، بەڵکو چەند ئاراستەیەکیان هەبوو، بۆیە ئاشتی هەموو کێشەکان پێویستیان بەوەبوو لە ئاراستەی چارەسەری هێزەوە بگۆڕدرێت بۆ چارەسەری ئاشتیانە،

یەکێك لەو ئاستانەی کە زۆر هەستیار بوو، ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کرد و پێکەوە خەباتکردن بوو دژی دیکتاتۆری، هەربۆیە بەڕێز مسعود بارزانی هەنگاوی یەکەمی کردە ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کورد و کۆتایی هێنان بە کێشە و ناکۆکیەکانی نێو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و هەورەها فراوانکردنی هاوپەیمانی لەنێوان سەرجەم هێزە کوردستانییەکان و هێزە عێراقیەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی زەمینەیەکی تۆی خەباتی هاوبەش بێتە ئاراوە بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی پێکهاتەی عەرەبی عێراق بۆ چارەسەری کێشەکان بگۆڕێت، هەروەها لەکاتی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و بۆ ناردنی پەیامێکی دیکە بۆ گەلی عەرەبی لەعێراقدا، جارێکی دیکە بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی بەرەی کوردستانی هەموو ئەو سەربازە دیلانەی سوپای عێراقی ئازاد کرد کە لە ئاکامی ڕاپەڕینە شکۆدارەوەکەوە کەوتبوونە دەست جەماوەری ڕاپەڕیوو و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەمەش بەو مانایە بوو کە گەلی کوردستان ئەو سەربازانە بە تاوانبار نازانێت کە ڕژێمی عێراق بۆ شەڕی گەلی کورد هێنابوونی بۆ کوردستان، دواتریش هەوڵەکانی بارزانی بۆ دروستکردنی زەمینەی لێکتێگەیشتنی هاوبەش و چارەسەری کێشەکان بۆ دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو بەردەوام بێت.

٣- لەساڵی ٢٠٠٢ بەتەنیا چەند مانگێك پێش دەسپێکردنی پرۆسەی ئازادی عێراق و ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، جارێکی دیکە بەڕێز مسعود بارزانی بە ڕاشکاوی بەهەموو لایەنە سیاسییە عێراقییەکانی ڕاگەیاند کە تەنیا ڕێگە بۆ بونیادنانەوەی عێراقی نوێ عێراقێك کە بتوانرێت هەموو پێکهاتەکانی بە ئارەزوومەندانە پێکەوە بژین، هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێیە، بیرکردنەوە بێت لە هەنگاوەکانی ئایندە نەك بیرکردنەوە بێت لە تۆڵە سەندنەوە لەسەر کارەکانی ڕابردوو، ئەم پەیامەی بارزانی بۆ هێزە عێراقییەکان، پیشاندانی ئیرادەی خێر و تێڕوانینی ئەو بوو بۆ گۆڕینی ئاراستەی کێشەکان لە پەنابردن بۆ هێزەوە بۆ پەنابردن بۆ ئاشتی و یەکتری قبوولکردن، بەڵام ئەم پەیامەی بارزانی دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق لەگوێ نەگیرا و ئاکامەکەشی ئەو ئاکامەیە کە دوای هەشت ساڵ دەیبینین.

## ئیرادەی بارزانی
## بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان

لەپێشەکی ئەم ڕاپۆرتە ئاماژەمان بەو خاڵە کرد، کە ئیرادەی خێر بۆ هەڵسوڕانی یاسا ئەخلاقیەکان و بەدیهێنانی بەختەوەری بۆ کۆمەڵگە و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان گەل و نەتەوە جیاوازەکان، نە بەسەرکەوتن ماناو بەهاکانی زیاد دەکات، نە بەسەرنەکەوتنیش هیچ لەماناو بەهاکانی کەمدەبێتەوە، هەروەها نە پێویستی بەوەیە ئێمە پیایدا هەڵبڵێین یان بۆ خەڵکی شیبکەینەوە، بۆیە لێرەدا کەباسی ئیرادەی ئاشتیخوازانەی بارزانی دەکەین وەك ئیرادەی خێر بۆ ئاشتی و کامەرانی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان و ئاشتی و پێکەوە ژیان لەگەڵ گەل و نەتەوە جیاوازەکانی دەوروبەرمان، مەبەستمان ئەوەیە ئاماژە بەوە بکەین، چەند لەسەر شەڕ و توندوتیژی و یەکتری ڕەتکردنەوە بەردەوام بین، ئەوا سەرەنجام دەبێت هەموو لایەك بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئیرادەیەی کە بارزانی مەبەستێتی هاریکاری و هەماهەنگی لەنێوان ئەو توخمانە دروست بکات کە لەبری توندوتیژی ئاشتی بەرهەم دەهێنن، لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت هەوڵەکانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لەسەر ئەم ئاستانە پۆلین بکەین:

١- لەسەر ئاستی ناوخۆیی کوردستان:

بەڕێز سەرۆکی کوردستان هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە



**بەدرێژایی زیاتر لە ٨٠ساڵی پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو هەموو ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق تۆوی توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی بەرامبەریان لەناخی کۆمەڵگەی عەرەبی عێراقدا چاندووە**



جارێكی دیكە شەڕی كورد و كورد لەنێو هێزە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستان و لەناو تێكڕای هێزە كوردستانییەكان نەمێنێت و بەرێگەی ئاشتی و دیالۆگ و دانوستاندن كێشەی نێوان لایەنە سیاسییەكانی كوردستان چارەسەر بكرێت، بۆ ئەمەش زەمینەیەكی گرنگی نیشتمانیی فەراهەمكردووە بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندییەكانی گەلی كوردستان ئەم دیالۆگە درێژەی هەبێت و لێكتێگەیشتن لەنێو هەموو لایەنەكاندا ڕەنگبداتەوە، ئاكامی ئەم هەوڵانەی بەڕێزی لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی كوردستان ئەوەیە ئێستا زەمینیەك دروستبووە لەنێوان حزبەكانی ئۆپۆزسیۆن و هەردوو لایەنی پارتی و یەكێتی وەك دوو حزبی فەرمانڕەوا بۆ ئەوەی دیالۆگ دەست پێبكاتەوە و بەرێگەی دیالۆگ و لێكتێگەیشتنی هاوبەش كێشەكانی هەرێم چارەسەر بكەن و هەموویان بە ئاراستەی چاكسازی و بونیادی دەوڵەتی دامەزراوەیی هاریكاری هەوڵەكانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بكەن.

٢- لەسەر ئاستی عێراق و پێوەندییەكانی نێوان هەرێم و بەغدا:

لای هەموو جیهان ئاشكرایە كە حكومەتی ئێستای عێراق و هەردوو سەرۆكایەتی كۆمار و پەرلەمان، لە چوارچێوەی دەستپێشخەرییەكەی بەڕێزیان دروستبوون و بنەمای ئەم دەستپێشخەریەش میكانیزمی لێكنزیككردنەوە و پێكەوە گرێدانەوەی ئەو توخمانە بوون كە كێشەكانی عێراق بەرەو ئاراستەی چارەسەركردن و بونیادی ئاشتی و جێبەجێكردنی دەستووری عێراق بووە و هەموو لایەنە سیاسییەكانیش كە لەبەر ڕۆشنایی ئەم دەستپێشخەرییە ڕێككەوتنی هەولێریان ئیمزا كردووە، گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی كە بەپێی خاڵەكانی نێو ئەو دەستپێشخەرییە نەبێت، نەدەتوانرێت لە عێراقدا ئاشتی بەدی بهێنرێت، نەدەشتوانرێت یەكێتی و یەكپارچەیی عێراق بپارێزرێت،

**ئەوەی لە ئیرادەی بارزانی بۆ ئاشتی و پێكەوە ژیان فێری دەبین ئەوەیە دەبێت بەدوای ئەو خاڵە هاوبەشانە بگەڕێین كە كامەرانی و ئارامی بۆ كۆمەڵگەی خۆمان و كۆمەڵگەكانی دیكە دەخوڵقێنێت**

هەربۆیە ئێستاش دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر ئەم دەستپێشخەریە، لەبەر ئامادەباشی و ئیرادەی خێر لەلایەن سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە بۆ جێبەجێكردنی ڕێككەوتنەكە وەك پێویست نییە، ئەوا دەبینین جارێكی دیكە گەڕاوینەتەوە چوارگۆشەی یەكەم و ئێستا لەهەموو كاتێك مەترسی لەسەر ئاشتی و یەكپارچەیی عێراق دروست بووە، بەڵام بایەخ و گرنگی دەستپێشخەریەكە هەر وەك خۆیەتی و هیچ كەس و لایەنێك ناتوانێت بەدیل بۆ ئەو دەستپێشخەریە دروست بكات، لەبەر ئەوەی ئەو دەستپێشخەرییە بەرهەمی ئیرادەی خێرە و بەدیلیش بۆ ئیرادەی خێر دروست ناكرێت و چەند بەرنامەی دیكەش بۆ ئاییندەی عێراق دابڕێژرێت ئەگەر ئامانجی بەرنامەكە ئاشتی و پێكەوەژیانی ئارەزوومەندانەو برایانەی نێوان پێكهاتەكانی عێراق بێت، ئەوا لە چوارچێوەی ئەو دەستپێشخەریە دەرناچێت.

٣- لەسەر ئاستی هەرێمی و پێوەندی ئاشتیانەی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ:

ئەوەی لەمیانەی گەشتی فراوانی ئەمجارەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ هەردوو دەوڵەتی توركیا و ئێران و چەند دەوڵەتێكی ئەورووپا ڕەنگیدایەوە، دووبارە پیشاندانەوەی بۆچوون و تێڕوانینەكانی سەرۆكی كوردستان بوو بۆ چۆنیەتی چارەسەركردنی كێشەكان و گۆڕینی ئاراستەی كێشەكان لە پیادەكردنی هێزەوە بۆ پیادەكردنی ئاشتی و بونیادی سیستمی ئاشتی لەسەر ئاستی ناوچەكە و پێوەندی نێوان گەلانی ناوچەكەدا. سەرۆك بارزانی پەیامی ڕاشكاوانەی بۆ هەموو لایەك، خۆی لەم چەند خاڵە دەبینێتەوە:

أ- لەبەر ئەوەی ئێمە ناتوانین جوگرافیا بگۆڕین، كورد و نەتەوەكانی دەوروبەرمان جوگرافیا فەرزی كردووە بەسەرماندا پێكەوە



بژین و دراوسێی یەكتری بین، ئەوا دەبێت خۆ گونجاندن و ڕێزگرتنی هاوبەش هەبێت، بۆ ئەوەی بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان هەمووانـدا دروست بێت و هەموو بتوانن پێكەوە بە ئاشتی پێكەوە بژین.

ب- پەیامی بارزانی تەنیا خستەڕووی ڕاستیەك و پیشاندانی نەخشەی ڕێگایە بۆ چۆنیەتی بونیادی ئاشتی لەسەر ئاستی ناوچەكە، بۆیە پەیامەكەی بەشێكە لە دیمەنی ئاشتی و پێویستە لایەنەكانی دیكەش هاوبەش بن بۆ تەواوكردنی ئەو دیمەنەی كە هەمووی پێكەوە وێنای ئاشتی لەسەر ئاستی ناوچەكە پیشاندەدات، كەواتە خاڵی دەسپێك و هەرە گرنگ بۆ ئەوەی پەیامی بارزانی بتوانێت ئاشتی بەدەست بهێنێت، ئەوەیە هەموو لایەك بگەنە قەناعەت كە بەشەڕ هیچ كێشەیەك چارەسەر ناكرێت، ئەو جا ئەو لایەنانە دەوڵەتانی دراوسێ بن، یان هێزە كوردستانییەكان كە ئێستا پەنایان بۆ چەك بردووە.

ت- پەیامی بارزانی دەستێوەردان نییە لە كاروباری دەوڵەتانی دراوسێ هەروەها بیركردنەوەش نییە لە جیاتی كوردی پارچەكانی دیكە، بەڵكو پەیامی بارزانی دوورخستنەوەی شەڕە لە هەرێمی كوردستان لەسەر ئاستی هەرێمی و دەوڵەتانی دراوسێ، هەربۆیە وەك چەندین جاری دیكەش ڕاشكاوانە بارزانی ئاماژەی پێكردووە، ئێمە نابینە بەشێك لەو شەڕەی كە ئێستا لەنێوان لایەنە كوردییەكان و دەوڵەتانی دراوسێ بوونی هەیە، بەڵام هەموو كات ئامادەباشیمان هەیە بۆ ئەوەی ڕۆڵی كاریگەر بۆ چارەسەری ئاشتیانەی كێشەكە بگێڕین، بەو شێوازەی كە كوردی ئەو بەشانە بۆخۆیان بە پەسەندی دەزانن، نەك لایەنی دیكە بە پەسەندی بزانێت.

**ئەو وێنایەی لە ئیرادەی بارزانییەوە بۆ ئاشتی دەبینرێت**

لە ١ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٠ سەرۆك

**مێژوو سەلماندویەتی كە شەڕ لەپێناوی شەڕ و بەدیهێنانی ئاگربەستە و هەرگیز شەڕ ئاشتی بەرهەم ناهێنێت**

بارزانی لە كۆنگرەی هاوپەیمانی دیموكراتی لە ڕۆما وتارێكی پێشكەش كرد و تیایدا ئاماژەی بەوەكرد ئەو زۆر جار گوێبیستی ئەوەبووە كە لەو كۆمەڵگەیانەی دابەشبوونێكی قوڵی كەلتوری و ئایینی و ئیتنی بوونی هەیە، بەهای مافە جیهانیەكانی مرۆڤ بوونی نامێنێت، وەك نموونەیەكیش بۆ ئەم دابەشبوونە زۆرجار عێراق بەنموونە دەهێنرێتەوە كە لەنێوان جیاوازیی ئیتنی و ئایینی و كەلتورییەكاندا ناتوانرێت پێكەوە گونجاو دروست بكرێت، بارزانی بە دەوڵەتانی هاوپەیمانی دیموكراتی ڕاگەیاند لەگەڵ ئەوەی من خۆم كۆمەڵكوژی گەلەكەی خۆمم بینیوە، هەروەها وێرانكردنی گوندەكانی وڵاتی خۆمم بینیوە، كوشتنی بەكۆمەڵی ژن و منداڵی كوردستانم لە گۆڕە بە كۆمەڵەكاندا بینیوە، بەڵام وێڕای ئەمانەش من دەمەوێت پێتان بڵێم ئەوە ڕاست نییە كە نەتوانرێت پێكەوە گونجان لەنێوان جیاوازییەكاندا دروست بكرێت، لەبەر ئەوەی هەموومان لە كۆمەڵێك بەهای مرۆڤایەتی هاوبەشین و هەموومان دەمانەوێت بەئارامی بژین، ئەگەر سەرنج لە مەغزای ئەو چەند وشەیەی بارزانی بدەین، هەست دەكەین بارزانی دەیەوێت بەجیهان بڵێت، دەكرێت جیاوازییەكان پێكەوە بگونجێنرێت ئەگەر خاڵە هاوبەشەكانی نێوان بەها مرۆییەكان پێكەوە گرێبدەینەوە و دانیان پێدا بنێین و بەهۆی جیاوازی كەلتور و ئایین و نەتەوەوە، ئەم مافانە لە هیچ كەسێك زەوت نەكرێت، كەواتە ئەوەی لە ئیرادەی بارزانی بۆ ئاشتی و پێكەوە ژیان فێری دەبین ئەوەیە دەبێت بەدوای ئەو خاڵە هاوبەشانە بگەڕێین كە كامەرانی و ئارامی بۆ كۆمەڵگەی خۆمان و كۆمەڵگەكانی دیكە دەخولقێنێت، ئەم ڕێگەیە یان ئەم پەیامە لەگەڵ ئەوەی ڕێگەیەكی ئاسان نییە، بەڵام بێجگە لەم ڕێگەیە، ڕێگەیەكی دیكە بۆ ئاشتی و كامەرانی مرۆڤایەتی بوونی نییە.

# پێوەندی دیالەکتیکی نێوان ئاسایش و ئازادییە گشتیەکان و مافەکانی هاووڵاتیدا



کازم حەبیب



ژمارە (٨٥٤) ■ ٢٠١١/١١/١٤



لە قۆناغی ئێستادا گەلی کورد لە لایەن هەردوو دەوڵەتانی تورکیاو ئێرانی دراوسێیەوە ڕووبەڕووی تەحدی گەورە دەبێتەوە، ئەوش دوژمنایەتییە لە بۆردومانکردنی ناوچەکانی گوندنشینی چیاکانی کوردستان خۆی دەبینێتەوە، ئامانج لەو پرۆسە سەربازییانەی ئەو دوو وڵاتە پێی هەڵدەستن تەنیا بۆ ڕاوەدونانی جەنگاوەرانی پارتە کوردستانیەکانی دژ بە خۆیان نییە، وەك ئەو دوو حکومەتە باسی لێ دەکەن، بەڵکو ئامانجی بنەڕەتییان تێکوپێکدانی بارودۆخی ئارام و سەقامگیری هەرێمی کوردستانە.

لەو بارودۆخە ئاڵۆزەی هەرێمی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت هەندێك دەنگ لە ناوەندەکانی حکومی و حزبیەوە بەرزدەبنەوەو داوا لە نووسەران و ڕۆژنامەوانان دەکەن کە هەڵمەتی ڕەخنەگرتن ڕابگرن و لە پێناوی یەکبوونی نیشتمانی و ڕاوەستانەوە بە ڕووی دوژمناندا پشتگیری لە حکومەت بکەن، چونکە بە بڕوای هەندێك کەس ڕەخنەگرتن هاوکاری دوژمنانی گەلی کورد دەکات و نابێتە یارمەتیدانێك بۆ حکومەتی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستاندا!

یەکێك لە هەڵە باوەکان تێکەڵاوکردنی پەیڤەکانی گەل و حزبەکانی فەرمانڕەوای ناو حکومەت و ئۆپۆزسیۆنگەرای دەرەوەی حکومەتە، گەل بۆ خۆی بەشێکی سەربەخۆیە، ڕەنگە حکومەت نوێنەرایەتی ئیرادەی گەل بکات و سیاسەتەکانی لە بەرژەوەندییەکانی ویدا پیادە بکات، لەوانەشە بە پێچەوانەوە بێت، بۆیە هاوڕێیەتی کردنی گەلی کورد و بەرگری کردنم لێی بە هەرحاڵ مانای ئەوە نییە ڕێك و تەبا بم لەگەڵ سیاسەتی حزبە فەرمانڕەواکان و حکومەتی ئێستایدا.

ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی هەرێمی پێدا تێدەپەڕێت لە هەڤاڵان و لایەنگرانی مافە مرۆییەکان و پێشکەوتنەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگە پارێزانی وا دەخوازێت بە دەنگی بەرزەوە ڕەخنە بگرن نەك بە گوێچکەکاندا بچرپێنن، تا هەمووان گوێبیستی بن و ببێتە دیالۆگ و خزمەت بە ئەو چاکسازییە بکات کە لە ژیانی گشتیدا پێویستە.

بۆیە نابێت لە ئاستی گرفتەکانی ئێستای هەرێمدا چاومان بنوقێنین، گەرچی گەلی کوردستان لە کەشوهەوایەکی ئارامدا ژیان دەباتە سەر ئەوەش کارێکی گرنگەو دەسکەتێکە نابێت بە فیڕۆ بچێت، بەڵام گەلی کوردیش وەك هەموو گەلانی تر پێویستی بە زۆر شتی تر هەیە کە ناکرێ پشتگوێی بخەن، بەڵکو پێویستە بخرێنە بەر باس و توێژینەوەو چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە، ئەگینا ئاقیبەت باش نابێت، ئەوەش بەس نییە تەنیا پشت بەستوو بن بە حەماسەتی نەتەوەیی و نیشتمانی، چونکە ئەو حەماسەتەش سنوورێکی دیاریکراوی هەیە، کاتێك مرۆڤ لە ناخەوە لە بەرژەوەندی ڕۆژانەیی و ئاستی بژێوی خۆی و ئەندامانی خێزانی بدرێت، بەرەو ئاڕاستەی تر ملی دەگرێتە بەر..

لێرەدا لە داخوازییەکانی هێزو پارتە سیاسییەکانی هەرێم نادوێم بەڵکو لە بنەڕەتدا لە داخوازییەکانی گەلی کوردستان بە هەموو ئیتنیەکانیەوە قسە دەکەم، گەرچی داخوازییەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیش گرنگی خۆیان هەیەو چونکە بەشێکن لە سیاسەت و بەکەمی تەماشای ناکەم، بە تایبەتی داخوازی بۆ ڕاگیرانی گرتنی هەمەڕەکی و ڕاوەدونانی ڕۆژنامەنووسانێك کە ڕەخنە لە بارودۆخەکە دەگرن، یان داخوازی بۆ بەردانی گیراوەکان و گێڕانەوەیان بۆ سەر وەزیفەکانی خۆیان، لەوانە گرنگتر ئەو داواکارییانەیە کە پێوەندی بە جەوهەری ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی هەرێمەوەیە کە گرنگترینیان لەم خاڵانەدا کۆدەکەمەوە:

- دەستێوەرنەدانی حزبە فەرمانڕەواکان لە کاروباری حکومەتەوە، چونکو پێویستە بەرنامەکانی حکومەت گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکات..
- نەهێشتنی هەژموونگەریی حزبەکان بەسەر دامەزراندنی کارمەندانی دامودەزگا حکومییەکانی دەوڵەت لەسەر هەموو ئاستەکان، بە تایبەت نەهێشتنی ئەو بڕیارانەی کە ڕێ لە کەسانی حزبی و بێلایەن دەگرێت لە وەزیفەکانی ڕاوێژکاری و بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەرەکان دابنرێن.
- نەهێشتنی گەندەڵی لەسەرەوە بەرەو خوار نەك لە خوار بۆ سەرو ڕاگرتنی لە ناوەندا ئێستا بەو چەشنە پیادە دەکرێت، پێویستە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی وەك چۆن لە دامودەزگاکانی هەرێمدا دەکرێت ئاوهاش بگاتە حزبە سیاسییەکان و هەموو بوارەکانی تریش بگرێتەوە، بەڕێز مەسرور بارزانی لە دیمانە تایبەتەکەیدا بۆ گۆڤاری گوڵان کاتێك دەربارەی هەبوونی گەندەڵی پرسیاری ئاڕاستە کرا بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە((نابێت بە شێوەی گشتی حزب و دەسەڵات تۆمەتباربکرێن، ئەوەی کاردەکات حەتمەن هەڵەش دەکات، گرنگ ئەوەیە لەسەر هەڵە بەردەوام نەبێت، ئێمە هیچ کاتێك پشتگیری گەندەڵیمان نەکردووە، چ لەناو دەسەڵات و چ لە دەرەوەی دەسەڵاتن کەسیش بە بێ بنچینە تۆمەتبار ناکەین، چونکە یاسایەك هەیە، قەزا تەنیا لایەنی بڕیاردەرە بۆ دەستنیشان کردنی ئەوەی کێ لە گەندەڵیدا تێوەگلابێت، گەر هەر کەسێکی ناو پارتی تۆمەتبار بکرێت بە گەندەڵی، پێویستە ڕووبەڕووی یاسا بکرێتەوە وەك هەر کەسێکی ئاسایی، پارتی دیموکراتی کوردستان دژی گەندەڵییەو هەموو تواناکانیشی کۆدەکاتەوە بۆ لەناوبردنی ئەو دیاردەیەو چشتگیری چاکسازیش دەکات))بڕوانە سایتی گوڵان لە ٢٠١١/٨/٢٣، هەڵوەستەکە لە کۆیدا ڕاستە، نابێت بە گشتی و ڕەهایی تۆمەت ئاڕاستەبکرێن، بەڵکە پێویستە تۆمەتبارکرنەکە دیاری بکرێت، ئەم وەڵامەش بەس نییە، کاتێك هەمووان کۆك بن لەسەر بوونی گەندەڵی لە هەرێمدا و هەروەها لە عیراقداو ئەو گەندەڵییەش ڕۆڵ ببینێت لە وێرانکردن و ئازار گەیاندن بە کۆمەڵگەو ئابووری هەرێمی، ئەمە مانای ئەوەیە ئەرکی سەرشانی بەرپرسانە بەدوای گەندەڵیدا بگەڕێن و لەناوی بەرن، مەسەلەکە پێوەندی بە هەندێك تاوانی دزیارییەوە نییە لێرەو لەوێ ڕوویاندابێت، بەڵکو پێوەندی بە جۆرەها شێوازی بەهەدەردانی سامانی هەرێم و لەکارخستنی پەرەپێدانی نیشتمانییەوەیە..تاد
- نەهێشتنی بێکاری و بێکاری دەمامکدراوو لەناو ئەوانەی بە بێ کارکردن مووچە وەردەگرن، یان ئەوانەی بە ناحەقی و بە نارەوایەتییەوە چەند مووچەیەك وەردەگرن.

• بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی هەناردەکردنی بێ کۆنترۆڵی کراوەو ڕێگە خۆش کردن بۆی، چونکە هەرێم پێویستی بە خێراکردنی پرۆسەی پەرەپێدان و بەرهەمهێنان و تازەکردنەوەی کشتوکاڵە بەو چەشنەی زامنی ئاسایشی خۆراکی و پێشکەوتن و بەکارخستنی بوودجەی گشتی نەتەوەیی بێت.

• ڕزگارکردنی ڕاگەیاندن لە سانسۆری حزبایەتی و حکومی و ڕاگرتنی بڕیارە یاساییەکانی لە دژی ڕۆژنامەنووسان دەدرێن بەهۆی پێڕەوکردنی ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت.

• دابینکردنی خزمەتگوزارییە پێویستییەکانی دانیشتووان، بە تایبەتیش خزمەتگوزاری ئاوو کارەباو گواستنەوەو تەندروستی و خوێندن و شانۆکان و دەزگاکانی کەلتووری و کتێبخانەکان و هۆڵەکانی سینەماو پێشەنگاو گەلێرییەکان.. تاد

• کارکردن بۆ چارەسەری کێشە هەڵپەسێراوەکان بە ڕۆحێکی نەرم و شەفافانە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عیراق و خۆبەدوورگرتن لە لێدوانی توند و هەوڵدانی هێمنانە بۆ جووڵاندنی لیژنەی تایبەت بە دۆزینەوەی چارەسەری ناوچە دابڕێنراوەکان..

• پیادەکردنی شەفافیەت لە بڵاوکردنەوەی بەڵێننامەکانی کە لە نێوان تورکیاو عیراقدا مۆر کراون یان ئەوانەی بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان و ناکۆکییەکان لە نێوان لایەنەکانی تردا ڕێکەوتنیان لەسەر ئەنجام دراون و بەندەکانی لە نهێنی بوون دەربچن تا هەموو گەل بتوانن ڕاو بۆچوونی خۆیان دەربارەی چارەسەرییەکان هەبێت.

سایت و رۆژنامەکان ماوەیەکە لەسەر ریسوایی و گەندەڵییەکان بابەت بڵاو دەکەنەوە، بە تایبەتی ئەو مەسەلانەی پێوەندیدارن بە دابەشکردنی نادادوەرانەی زەوی و زاری هەرێمەوە، هەندێك لە وەزیران و بەرپرسانی پلەبەرز بۆ چەندین جار لەسەر یەکتر زەوییان لەسەر تاپۆکراوە خەڵکانی تریش لێی بێبەش کراون، بە هۆی هۆکاری شەخسی یان جیاکاری ئایینیەوە، ئەوەی لێی ئاگادارم هەندێك لە تێوەگلاوانی ئەم ریسوابوونانە لە بەرپرسیارێتی دوور خراونەتەوە بێ ئەوەی لە دەرهەقیان سزای توند بدرێت و ببنە پەندو عیبرەت بۆ کەسانی تر، کاتی ئەوە هاتووە ئەم حاڵەتانە بدرێنە دادگاکان، بۆ ئەوەی خەڵکی جدیەتی بەرپرسانی هەرێمیان بۆ ئاشکرا بێت لە نەهێشتنی گەندەڵیدا، لێرەوە دەیڵێمەوە چاندن بەگوێی بەرپرسان و هەموو ئەو مەسیجانەشی کە بۆیان دەنێردرێت یان ئەو ڕەخنانەی لە سەر زاری کەسانێکەوە دەیبیستن بە تەنیا بەس نین بۆ وەدیهاتنی چاکسازییەکانی ناو هەرێم، پێویستە سزای توندی تێوەگلاوان بدرێت تا مەسیجەکان بێ سوود نەبن، ئەوەتا کارەکان وەك خۆیانن و پیشەسازی لە هەرێمدا بوونی نییەو تەنیا بازرگانی کردن لە پەرەسەندندایە، بە واتایەکی تر بە هەدەردانی سامانی هەرێم بە تەرخانکردنی پارە بۆ ئەو بوارانەی کە قازانج بە پێشکەوتن ناگەیەنن، نابێتە فاکتەر بۆ نەهێشتنی بێکاری، ڕەنگە دروستکردنی ڕێگاوبان و پردەکان لە هەرێمدا پێداویستی ڕۆژگار بن، هەروەها بونیادنانی یەکەکانی نیشتەجێ بوون و بازاڕە هاوچەرخەکان پێویست بن، بۆ پارك و گۆڕەپانەکانیش هەروا، بەڵام ئەمە تەنیا دیوێکەو دیوەکەی تر کە گرنگترە پەرەپێدانی بوارە هەمەجۆرەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتییە، هەرێم بە چەندین وڵات دەورە دراوە کە چاویان بەرایی نایەت پێشکەوتنەکانی ببینن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پیلانەکانیان پێویستە ستراتیژی ئاسایشی خۆراك و پیشەسازی پتەو بکرێت ئەوەش بە پشتبەستن بەدی دێت بە سەرچاوە خۆڕسکەکانی کەرەسەی خاوو توانی ناوخۆوە..

ئابووری کوردستانیش وەك هی عیراق ئابوورییەکی بەکاربەرەو گەل بە گشت چین و توێژەکانییەوە سوودی لێ نابینن بەڵکو کۆمپانیا بێگانەکانن کە قازانجی تێدا دەبیننەوە،ئەوانەیان کە گەمە بە کەلوپەلەکانی هاوردەی ناو هەرێمەوە دەکەن، لە خوار ئەوانەشەوە چەند کۆمپانیایەکی ناوەخۆ کە ڕاستەوخۆ کۆنتاکیان لەگەڵیان هەیە، دوور لە چاودێری کردنەوە لە گەندەڵیدا نغرۆ بوون، بۆیە بەم شێوەیە سەرمایە لە ناو هەرێم ناپارێزرێت و ئەوەش زیانێکی گەورەیە بۆ سامانی نیشتمانی

گرفت لە عیراق و هەرێمی کوردستاندا ئەوەیە وەك زانست و هونەر چەمکی بەڕێوەبردن پیادەناکرێت، بۆیە هەڵەی زۆرو گەورە ئەنجام دەدەن و سلبیانە دژی بەرژەوەندییەکانی گەل و پێشکەوتنی وڵاتەکەیان دەوەستنەوە،بۆیە بەرزکردنەوەی دەنگ بۆ دارشتنەوەی سیاسەتێکی نوێ لە پێناوی چاکسازی ڕیشەییدا زەرورەتە.

ئەوەی ئەرکی سەر شانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و حزبە دەستڕۆیشتووەکانە ئەوەیە هیچ چارەسەرێك دانەنێن بێ گەڕانەوەیان بۆ گەل، ئومێد دەکەم لە بەرپرسانی هەرێم و عیراقیش گوێیان بۆ داخوازییەکانی گەنجان و جەماوەر ڕادێرن، هەموو کاتیان تەرخان نەکەن بە گوێ ڕادێران بە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن، چونکە رای خەڵکی بەرفراوانترو قووڵترە لە رای ئۆپۆزسیۆن و حزبەکانی سەر بە دەسەڵات.

ڕووبەڕووبوونەوەی تەحددی دەرەکیش پێویستی بە کۆمەڵێك بڕیارو ڕاسپاردەیە لەوانەش:

• گوێڕادێرانی بەرپرسان لە ڕەخنەی بونیادنەرانەی گەل بە تایبەت ئەو ڕەخنانەی لە توێژی رۆشنبیران و رۆژنامەگەرانەوە ئاڕاستەیان دەکرێن، سوودی لێ وەربگیرێت بۆ چاکسازیی ڕاستەقینە.

• یەکبوون و یەکگرتنی گەل لە ڕێی وەڵامدانەوەی داخوازییەکانیانەوە سەر دەگرێت ئەویش بەکارکردن بۆ نەهێشتنی بێکاری و بونیادنانی پەرەپێدان و کەمکردنەوەی کەلێنی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان


• بایەخدانی زیاتر بە گەنجان و ئافرەتان و پاراستنی مافەکانی هاوولاتیان بە یەکسانی و وەك یەك دوور لە لایەنداری ڕۆحی هەژموونگەرای حزب

• بایەخدان بە چارەسەری سیاسی دوور لە چارەسەری ئەمنی بۆ چارەکردنی گرفتەکانی کە بزاڤی ناڕەزایەتییەکان دەریانبڕیوە

• خەباتکردن بۆ وەدیهێنانی دیموکراتییەت لە عیراق کە پێویستە هاوئاستی بە دیموکراتی کردنی هەرێم بێت، بۆیە پێویستە لەسەر برایان لە هاوپەیمانی کوردستانی بایەخ زیاتر بە یەکگرتنی هێزە دیموکراتییەکان بدەن، بۆیە پێویستە کوردو عارەب و نەتەوەکانی تریش خەباتیان یەکبخەن و ئازادییەگشتییەکان و ژیانی دیموکراتنی سەربخەن و ئاستی بژێوی گەل بەرزبکەنەوە و لەگەڵ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی تەنسیق بکەن..

**نەهێشتنی بێکاری و بێکاری دەمامکدراوو لەناو ئەوانەی بە بێ کارکردن مووچە دەلووشن. یان ئەوانەی بە ناحەقی و بە ناڕەوایەتییەوە چەند مووچەیەك وەردەگرن**

**هاوڕێیەتی کردنی گەلی کورد و بەرگری کردنم لێی بەهەرحاڵ مانای ئەوە نییە ڕێك و تەبا بم لەگەڵ سیاسەتی حزبە فەرمانڕەواکان و حکومەتی ئێستایدا**



# گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی و ڕۆڵی تورکیا



# بەردەوامی توندوتیژی لەسوریا و لەهاوکێشەکەدا



گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی یان ڕاشکاوانەتر ئاکامەکانی بەهاری عەرەبی ئێستا بەرەو ئاراستەیەك هەنگاو هەڵدەگرێت کە نازانرێت ئاکامەکەی بەرەو کوێ دەچێت، لەمیسر و تونس کە بەشێوەیەکی دوور لەتوندوتیژی هەردوو سەرۆك موبارەك و بنعەلی دەسەڵاتیان بەجێهێشت، ئاکامەی بەوجۆرە بوو لەتونس پارتی نەهزەی ئیسلامی هەڵبژاردنی بردەوە و چاوەڕێ دەکرێت لەمیسریش ئیخوان موسلمین ڕێژەیەکی گەورەی دەنگەکان بەدەست بهێنن، لەلیبیای دوای قەزافی هەست دەکرێت ئەو هێز و لایەنانەی بۆ ڕووخانی ڕژێمی قەزافی یەکیان گرتبوو، بۆ بونیادنانەوەی لیبیای دوای قەزافی یەکگرتوو نین و لەیەمەن

**تورکیا بایەخ بەسەقامگیری و پەرەسەندنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات، لەبەر ئەوە هەمان ئاستی گرنگی و بایەخ بەهەموو ئەو وڵاتانە دەدات کە لەگۆڕانکاریدان**

هەتا ئێستاش عەلی عەبدوڵا ساڵح لەسەر توندوتیژی بەردەوامە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە دەستپێشخەریەکی دەوڵەتانی کەنداو هەیە بۆ دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، لەسوریاش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بارودۆخەکە زیاتر توندوتیژی بەخۆیەوە دەبینێت و ڕۆژانە خەڵك دەکوژرێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەم ناوەندە ڕۆڵی سەیرکەری ڕووداوەکانی هەڵبژاردووە، لەم نێوەندەدا باس لەڕۆڵی تورکیا دەکرێت بەوەی تەنیا هۆکارە بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لەکێشەی سوریادا بگێڕێت، بەڵام لەمیانەشدا هەست دەکرێت تورکیاش نایەوێت وا بەزەقی بێتە ناو کێشەکە و بەلایەکیدا بخات، سەبارەت بەڕۆڵی تورکیا لەم بوارەدا پرسیارمان لەڕۆژنامەنووسی ناسراوی تورکیا سامی کۆهین کرد، بەوەی ئایا تاچەند تورکیا خوازیاری ئەوەیە ڕۆڵێکی کاریگەر لەم کێشانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگێڕێت؟ لەوەڵامدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (تورکیا زۆر بایەخ بەو گۆڕانکاریانە دەدات کە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویانداوە، کە بە بەهاری عەرەب وەسف دەکرێت. تورکیا دەستی کردووە بەبینینی ڕۆڵێکی چالاك، لەڕاستیدا لەو وڵاتانەی گۆڕانکاری لەحکومەتەکانیاندا، لەڕژێمەکانیاندا ڕوویداوە، بەشێوەیەکی سەرەکی میسر و لیبیا کە بەم دواییە ڕوویداوە. بەدڵنیاییەوە تورکیا بایەخ بەسەقامگیری و پەرەسەندنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات، لەبەر ئەوە هەمان ئاستی گرنگی و بایەخ بەهەموو ئەو وڵاتانە دەدات کە لەگۆڕانکاریدان. ئێستا وڵاتگەلێك هەن، وەك سوریا کە بەداخەوە فشاری خوێناوی دژی خۆپیشاندانەکانی تێدا دەکرێت و تورکیاش زۆر نیگەرانە لەمە، بەڵام ڕۆڵی تورکیا ئەوەیە کە تەنیا پێشنیاری دان بەخۆداگرتنی کردووە. ئەو جۆرە گۆڕانکارییە گرنگانەی لەجیهانی عەرەبدا

**گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی یان ڕاشکاوانەتر ئاکامەکانی بەهاری عەرەبی ئێستا بەرەو ئاراستەیەك هەنگاو هەڵدەگرێت کە نازانرێت ئاکامەکەی بەرەو کوێ دەچێت**



هاتونەتە ئاراوە، کە دەبوو زووتر ڕوویدەن، بەڵام لەئێستادا ڕوودەدەن، سیاسەتی تورکیا ئەوەیە ئەمانە لەڕێی گفتوگۆ و ئامرازە ئاشتیەکانەوە ئەنجام بدرێت، هەروەها بەوەی ئەو ڕژێمانەی ئێستا لەدەسەڵاتدان لەخواست و چاوەڕوانیەکانی خەڵك تێبگەن)).

کەواتە وەك سامی کۆهین ئاماژەی پێدەکات تورکیا سیاسەتی دان بەخۆداگرتن و هەوڵدان بۆ هێوربوونەوەی بارودۆخەکە دەدات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو ڕۆڵەی کە ئەمریکا چاوەڕێی دەکرد، تورکیا لەیەکلاییکردنەوەی کێشەی سوریا بیگێڕێت بەو ئاستە نییە یان تورکیا بەو ئاستە ناتوانێت خۆی تێکەڵاوی کێشەکان بکات، سەبارەت بەمێژووی تورکیا لەگەڵ

**ئەوە سروشتی دیموکراسی نییە بە کەسێك بڵێیت نابێت بەشداری بکەیت لەبەر ئەوە ئەگەر دەسەڵات بگریتە دەست ئەوا دیموکراسی لەناو دەبەیت**

سوریا و تێڕوانینی وڵاتانی ناوچەکە بۆ ئەو ڕۆڵەی تورکیا دەیەوێت بیگێڕێت، پرسیارمان لەد.محەمەد نورەدین پسپۆر لەسەر کاروباری سیاسەتی تورکیا لە لوبنان کرد، لەوەڵامدا د.محەمەد نورەدین بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (ئاشکرایە بەدرێژایی شەڕی سارد هەتا گەیشتنی پارتی «داد و گەشەپێدان» بۆ دەسەڵات لەساڵی ٢٠٠٢، «تورکیا» ڕۆڵێکی کاریگەری پراکتیکی لەناوچەکە وەك هێزێکی ئیقلیمی نەگێڕاوە، بەڵام بەهاتنی پارتی داد و گەشەپێدان ڕۆڵی تورکیا لەناوچەکە گۆڕدرا بەتایبەتی دوای ئەوەی سیاسەتی (سفر کێشە)ی لەگەڵ دراوسێکانی و دەوڵەتانی ناوچەکە پیادەکرد، ئەم سیاسەتە نوێیە بواری لەبەردەم «تورکیا» فەراهەمکرد بۆئەوەی ڕۆڵی کاراکتەرێکی ئیقلیمی لەناوچەکە بگێڕێت. بەڵام لەکاتی ڕوودانی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوەی پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی، سەرەتا تورکیا پێی وابوو دەتوانێت ڕۆڵێکی هێجگار گەورە بگێڕێت، وەك تاکە هێز و لایەن، بۆیە بەبڕوای من ئەمە گۆڕانکاری لەبارودۆخەکە دروست کردوو بووە هۆکاری ئەوەی کارەکتەرەکانی دیکەش بوروژێن، بەشێوەیەك کە بووە مایەی بەرهەڵستکاری و دانانی بەربەست و ڕێگر لەبەردەم هەوڵەکانی «تورکیا»، بۆ ئەوەی نەتوانێت بەردەوام بێت یان ڕۆڵی سەرەکی لە بارودۆخەکەدا بگێڕێت)).

ئەوەی محەمەد نورەدین ئاماژەی پێکرد وەك پسپۆڕێك لەسەر سیاسەتی تورکیا، تەواو لەگەڵ بۆچوونەکانی سامی کۆهین یەکدەگرێتەوە کە ئاماژەی بەوەکرد ئێستا سیاسەتی دان بەخۆدا گرتنی هەڵبژاردووە، کەواتە لەم بارودۆخەدا کە تورکیا لەدوورەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکات، ئەوا جێگەی پرسیارە ئایا تاکەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هەر ڕۆڵی سەیرکەر دەگێڕێت و لەئاستی هەڕەشەکانی سوریا خۆی بێدەنگ دەکات، پرۆفیسۆر ئەبوبکر بەها

**تورکیا هەوڵیداوە کێشەکانی خۆی لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی دەوروبەری چارەسەر بکات، بەڵام هەوڵی نەداوە کێشە ناوخۆییەکانی خۆی چارەسەر بکات**

**لەبەر ڕۆشنایی پێوەندییەكانی بەڕێز بارزانی لەگەڵ توركیا، تێگەیشتنێكی باشتر هەیە لەهەڵوێستی هەردوولا و بەڕێز بارزانی لەپێگەیەكی باشدایە بۆ ئەوەی لەپرۆسەی ئاشتیدا هاوكار بێت**

ئوستادی سیسۆلۆژی لەزانكۆی نۆرس ئیللینۆس و تایبەتمەند لەبواری بونیادی ئاشتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و سەرنووسەری گۆڤاری (تەنگژەكانی ئەفریقیا و بونیادنانی ئاشتی- ACPR) لەلێدوانێكی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (لەچەند ڕوویەكەوە سوریا یەكێكە لەدژوارترین تەحەددیەكانی بەردەم كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. با قسە لەوە بكەین كە لەماوەی دە بۆ بیست ساڵی ڕابردوودا ڕوویانداوە، لەلایەكەوە شكستێكی گەورەی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیمان بینی لەپێوەندیدا بەهەڵوێستی ئەخلاقیەوە، بۆ نموونە لەبێ هەڵوێستی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خەڵكانێكی زۆر لەڕواندا كوژران، كە جینۆساید ڕوویدا، هەروەها ئەوەی لەلایبریا ڕوویدا بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ پێش ئەوەی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردان بكات. كەواتە ئەو سیناریۆیانە هەبوو كە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شایەتی كارەسات بووە، بەڵام كارێكی زۆری دەرهەق نەكردووە، كە دەبینین تا ڕاددەیەكی دیاریكراو یوگسلافیا لەم خانەیەدا نەبوو. هەروەها سیناریۆی دیكە هەن كە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی كاری بوێرانەی كردووە، جا بەپاڵنەری سیاسی بێت یان نا، بۆ نموونە ئەمەمان لەبۆسنیادا بینی. كەواتە هەمیشە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەدوو دۆخدایە. لەحاڵەتێكیاندا دەستەوەستان دادەنیشێت و كارەساتی مرۆیی ڕوودەدات و كێشەیەكی زۆری لێدەكەوێتەوە، لەحاڵەتێكی دیكەدا دەستێوەردان دەكات، كە ئەم دەستێوەردانەش هەندێ جار سەركەوتوو دەبێت، وەك لیبیا، هەندێ جاریش كێشەی گەورەتری لێ دروست دەبێت، وەك عێراق و ئەفغانستان، بەڵام سەبارەت بەدەستێوەردانی سەربازیش پێموایە دەستێوەردانی سەربازی زیاتر ئەنجامی سلبی لێدەكەوێتەوە نەك ئیجابی، دەستێوەردانەكە، داگیركردنەكەی عێراق مایەی گیروگرفت بوو، لەسەر ئاستی ناوخۆیی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش. بەڵام ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا)).

پرۆفیسۆر ئەبوبكر ئەوەی پیشانداین كە چاوەڕێی ئەوە ناكرێت كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕۆڵێكی جددی لەبارودۆخی سوریا بگێڕێت، لەبەرامبەریشدا سوریا بەكەیفی خۆی هەڕەشە دەكات، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر نۆرما كلاریی مورۆزی كرد، ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانكۆی شیكاگۆ و پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر توركیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەوەڵامدا بەمجۆرە ڕاو سەرنجی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی: (ڕاستە گۆڕانكارییەكانی

**سەردانەكەی بەڕێز «مەسعود بارزانی» بۆ توركیا هەوڵدانێك بوو بۆ هێوركردنەوەی ئەو بارودۆخە نائاساییەی كە هەبوو، بۆ ئەوە بوو توركیا كاردانەوەی توندتری نەبێت و لۆژیكانەتر مامەڵە لەگەڵ ئەم كێشەیە بكات**

میسر و تونس كەمتر توندوتیژی بەخۆیەوە بینی، بەڵام لەبەحرێن خۆپیشاندانەكان لەلایەن هێزێكی دەرەكیەوە كە سعودیە بوو تێكشكێنرا، كەواتە لێرەدا جیاوازی لەنێوان گۆڕانكارییەكانی هەر وڵاتێك لەگەڵ ئەوی دیكە هەیە، سوریاش لەنێو ئەم گۆڕانكاریانە بارودۆخێكی جیاوازی هەیە، كە دژایەتیەكی زۆر هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەكی بۆ ئەوەی ڕژێمی ئەسەد برووخێنرێت، ئەم حاڵەتە لە لیبیا بەو جۆرە نەبوو، لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی دراوسێی لیبیا دوو دڵ بوون لەدەستێوەردان لەكاروباری لیبیا، بەڵام ئێستا توركیا كە دراوسێی سوریایە باس لەدروستكردنی ناوچەیەكی ئارامی دابڕاو لەناو سوریادا دەكات، لەبەر ئەوەی وەك دراوسێیەك هەست دەكات دووچاری فشار دەبێتەوە بەهۆی ئاوارەكان و بەهۆی توندوتیژی لەسنوورەكانیدا، ئەمەش وای لێكردوون تێڕوانینێكی بەتەركیزتریان هەبێت لەبارەی ئەوەی چ هەنگاوێك پێویستە بۆ پاراستنی خاكی وڵاتەكەی و هاووڵاتییەكانی و پێوەندییە سنورییەكان، ئەگەرچی توركیا پێوەندی زۆر باش و نزیكی هەبوو لەگەڵ سوریادا، بەڵام بۆ ئێستا و داهاتوو گۆڕانكاری بەسەر هەڵوێستی داهاتووە).

**سیاسەتی (سفر كێشە)**
**بۆ ناوخۆی توركیاش پێویستە**

زۆر لەچاودێران دوای ئاكامی هەڵبژاردنەكانی تونس، مەزندەی ئەوەدەكەن حزبی نەهزەی ئیسلامی بەهاوشێوەی، حزبی داد و گەشەپێدانی توركیا ڕۆڵی خۆی پیادە بكات، بەڵام كێشەی سەرەكی توركیا ئەوەیە ئەو سیاسەتەی لەسەر ئاستی دەرەوە بەنەهێشتنەوەی كێشە یان وەك خۆیان ناویان ناوە(سفر كێشە) پیادەی دەكات، ئەگەر لەسەر ئاستی ناوخۆ پیادەی بكات و هەوڵبدات ڕاستەوخۆ لەگەڵ كورد دەست بكات بەگفتوگۆ بۆ چارەسەری كێشەكان، ئەوا گومانی تێدانییە كە پێگەی توركیا لەسەر ئاستی ئیقلیمی و ناوچەكە بەرفراوانتر دەبێت، لەم ڕوانگەیەوە و لەدرێژەی قسەكانیدا بۆ گوڵان، د.محەمەد نورەدین بەوجۆرە سەرنجی خۆی خستەڕوو كە پێویستە توركیا یەكەمجار ئەم سیاسەتە لەسەر ئاستی ناوخۆی خۆی پیادە بكات، پاشان هەوڵبدات لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە پیادەی بكات، لەمبارەوە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (من پێموایە گرێیەك لەسەر ئەو ئامرازانە هەیە كە توركیا دەیەوێت ڕۆڵێكی گەورە لەسەر


**ئیسلام و پارتە ئیسلامییەكان بە زەرورەت دژی دیموكراسی نین، واتە دەكرێت موسڵمان و پارتی ئیسلامیش هەبێت و لەهەمان كاتدا دیموكراسیش لەئارادا بێت**



ئاستی ناوچەکە بگێڕێت، بەتایبەتی تورکیا دەیەوێت بەوجۆرە خۆی لەناوچەکە پیشانبدات کە توانیوویەتی ئیسلام و دیموکراتی پێکەوە گرێبداتەوە و بەمەش دەیەوێت خۆی بکاتە نموونەیەك بۆ ئەو سیستمانەی کە دوای گۆڕانکارییەکان لەوڵاتانی عەرەبی دادەمەزرێن، ئەمەش مانای ئەوەیە تورکیا دەیەوێت دیموکراسیەت لەوڵاتانی عەرەبی بچەسپێت و هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە هەست بەمافی هاوڵاتیبوون بکەن، بەڵام کاتێك ئەم وێنایە لەسەر خودی تورکیا پراکتیزە دەکەین، دەبینین تورکیا هەوڵیداوە کێشەکانی خۆی لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی دەوروبەری چارەسەر بکات، بەڵام هەوڵی نەداوە کێشە ناوخۆییەکانی خۆی چارەسەر بکات، لەوانە کێشەی کورد و عەلەویەکان، بۆیە تورکیا کاتێك پێوەری دیموکراتی بۆ دەرەوە دادەنێت و سیاسەتی سفر کێشە لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەی پیادە دەکات، ئەوا دەگەینە ئەو ئاکامەی بڵێین پێویستە سیاسەتی سفر کێشە سەرەتا لەناوخۆی تورکیا پراکتیزە بکرێت، بەڵام کەسەرنج دەدەین ئەم سیاسەتە لەناوخۆی تورکیا پیادە ناکرێت ئەمەش مایەی هەڵوەستە کردنە)).

سەبارەت بەو لایەنەی نورەدین ئاماژەی پێکرد هەمان پرسیارمان ئاراستەی سامی کۆهینیش کردەوە، ئایا تورکیا بۆ نایەوێت کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەی خۆی بەدیالۆگ چارەسەر بکات؟ لەوەڵامدا کۆهین بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (سیاسەتی حکومەتیش ئەوەیە ئەم کێشە ناوخۆییانە بەئاشتیانە چارەسەر بکرێن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە پەکەکە توندوتیژی بەکارهێنا، کەواتە هەڵوێستی ڕەسمی تورکیا ئەوەیە ئەم کێشانە بەئاشتی چارەسەر بکرێن، بەڵام شتێکی زۆر بنەڕەتی و گرنگە کە ئەو کەسانەی توندوتیژی بەکار دەهێنن، ئەو کەسانەی ئەو هێرشانە ئەنجام دەدەن، واز لەو شەڕە بهێنن و چەك دابنێن و دابنیشن بۆ گفتوگۆکردن. لەڕاستیدا پێوەندیکردن لەئارادابووە و تەنانەت گفتوگۆی پشت پەردەش هەبووە لەم مانگانەی دواییدا، بەڵام بەداخەوە سەریان نەکێشا بۆ ئەو کەشەی پێشبینی دەکرا، بۆ ئەو ڕێککەوتنەی پێشبینی دەکرا،

بەڵام هێشتا ئومێدی ئەوە هەیە ئەوانەی پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، ئەوانەی پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز دەبەن ئەو هەڵمەتە بوەستێنن. ئەرکی دەوڵەتیش پاراستنی هاووڵاتیەکانێتی، پاراستنی خاکەکەیەتی. بەڵام دەبینین کە توندوتیژی لەلایەن کەسانێکەوە دەکرێت کە پێداگیری دەکەن لەسەر پیادەکردنی توندوتیژی. ئەگەر توندوتیژی بوەستێت، ئەوا دەرفەت دروست دەبێت بۆ دانیشتن و بۆ گفتوگۆی جدی. هەروەها ئێستا لەتورکیا، چەندین نووسەر، چەندین ڕۆشنبیر و چەندین سیاسەتمەدار و خەڵکانێکی زۆر گەیشتوونەتە قەناعەت کە چارەسەرێکی سەربازی نییە بۆ ئەم کێشەیە، واتە ئەم کێشەیە لەڕێی بەکارهێنانی ئامرازی سەربازی و توندوتیژییەوە یەکلاناکرێتەوە و ئەمە بەهەردوولا دەکرێت، هەروەك دەڵێن «سەمای تانگۆ بەدوو کەس دەکرێت»، بەدڵنیاییەوە دەبێت ئەو کەسانەی پەنا بۆ توندوتیژی و پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز و پەنا بۆ هێرشکردنە سەر مەدەنیەکانی ناو تورکیا دەبەن، دەست لەتوندوتیژی هەڵگرن،



د.محەمەد نورەدین بۆ گوڵان:

## بارزانی لەسەردانەکەیدا بۆ تورکیا هەوڵیدا بارودۆخی ئاڵۆز هێور بکاتەوە و تورکیا بگاتە قەناعەت ئەو کێشەیە بەهێزی سەربازی چارەسەر ناکرێت

بەدڵنیاییەوە دەبێت کاردانەوەی حکومەتیش ڕاگرتنی هەموو جۆرە بەکارهێنانێکی هێز بێت و هەوڵبدات چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە، ئەم شەڕ و ئەم هەڵمەتە کە زیاتر لەدوو دەیە درێژەی کێشاوە، ببینن بارودۆخمان چۆنە، لەهەمان هەل و مەرجداین. کەواتە ئەم کێشانە لەڕێی بەکارهێنانی هێزەوە چارەسە ناکرێن، بەڵکو لەڕێی گفتوگۆوە و دیپلۆماسیەوە. بێگومان دوای سەردانی بەڕێز مسعود بارزانیش کە ئەویش داوای کرد کێشەکان بەئاشتی چارەسەر بکرێن، ئەو پێشنیارەی بارزانیش پرۆسەیەکی باشە و لەلایەن زۆرێك لەناوەندەکانی تورکیاوە پێشوازی لێکرا و بەو شێوەیە لێکدانەوەی بۆ کرا کە خودی بارزانی و هەرێمەکەی دەتوانن یارمەتیدەر بن، لەبەر ئەوەی تاکە ڕێگە بریتییە لەپێوەندیکردن، بریتییە لەگفتوگۆکردن، کەواتە شتێکی یارمەتیدەر دەبێت ئەگەر هەر کەسێك ئامادەیی هاوکاری کردنی تێدابێت. ئەگەر خودی بارزانی و هەرێمەکەی بتوانن قەناعەت بەپەکەکە بکەن چەك دابنێت و چارەسەرێکی ئاشتیانە بدۆزنەوە، بەدڵنیاییەوە ئەمە یارمەتی و هاوکاریەکی گەورەیە. کەواتە لەبەر ڕۆشنایی پێوەندییەکانی بەڕێز بارزانی لەگەڵ تورکیا، تێگەیشتنێکی باشتر هەیە لەهەڵوێستی هەردوولا و پێموایە بەڕێز بارزانی لەپێگەیەکی باشدایە بۆ ئەوەی لەپرۆسەی ئاشتیدا هاوکار بێت. لەلایەکی دیکەش هەڵوێستی ڕەسمی حکومەت، بەتایبەتی بەسەرۆکایەتی بەڕێز ئەردۆغان بریتی بووە لەوەی کە پەرلەمان کلیلە بۆ چارەسەری قورسترین کێشەی تورکیا و کێشەی ناوخۆی تورکیا، ئەمەش هەڵوێستێکی باشە، هەڵوێستێکی ئیجابیە، ئەگەر حکومەت هاوڕابێت لەسەر ئەوەی دەبێت لەڕێی گفتوگۆی ناو پەرلەمانەوە چارەسەر بکرێت، ئەوا دەبێت پەرلەمان ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ چارەسەری کێشەکە، ئەمە ڕێگایەکی باشە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە. بەڕێز ئەردۆغانیش چەندین جار ئەوەی دووپاترکردۆتەوە کە باشترین شوێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئەنجومەنی نیشتمانیە، پەرلەمانە. ئەمەش دەرفەتی خولقاند بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کێشەکە و دۆزینەوەی ڕێگاچارە لەناو پەرلەماندا



ئەبوبەکر بەها بۆ گوڵان:

## ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دوولایەنەیە جاری وا هەیە دەستێوەردان دەکات، جاری واش هەیە ڕۆڵی سەیرکەر بۆ کۆمەڵکوژییەکان دەگێڕێت

بەهاوکاری ئەو ئەندامانەی کە ئامادەی تەرحکردنی پێشنیار و بیرۆکەکانی خۆیانن)).

سەبارەت بەچۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئاشتیانە کە بەڕێز مسعود بارزانیش لەسەردانی ئەم دواییەی بۆ تورکیا جەختی لەسەر کردۆتەوە، محەمەد نورەدین لەدرێژەی لێدوانەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە پێویستە دوو خاڵی گرنگ هەیە تورکیا لەبەر چاوی بگرێت لەمەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەوڵاتی خۆیدا، یەکەمیان ئەوەیە دەبێت تورکیا دان بەوەدا بنێت کە نەتەوەیەکی غەیرە تورك کە کوردە کە ژمارەیان ١٥-ملیۆن کەسە لەو وڵاتە بوونی هەیە، دووەمیان ئەوەیە دان بەوەدا بنرێت کێشەی کورد لەتورکیا جیاوازە لەپەکەکە و پەکەکە لەساڵی ١٩٧٨ دامەزراوە، بەڵام ئەم کێشەیە لەساڵی ١٩٢٩وە بوونی هەیە، دەربارەی سەردانەکەی بارزانیش بۆ تورکیا نورەدین پێیوایە ئامانجی سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا بۆ خاوکردنەوەی بارودۆخی شەڕ



نۆرما کلاریی مۆزووری بۆ گوڵان:

## ئەگەرچی تورکیا پێوەندی زۆر باش و نزیکی هەبوو لەگەڵ سوریادا، بەڵام بۆ ئێستا و داهاتوو هەڵوێستی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە

و هێنانە ئارای زەمینەی ئاشتی بووە لەمبارەوە وتی: (بەڕای من سەردانەکەی بەڕێز «مەسعود بارزانی» بۆ تورکیا هەوڵدانێك بوو بۆ هێورکردنەوەی ئەو بارودۆخە نائاساییەی کە هەبوو، بۆ ئەوە بوو تورکیا کاردانەوەی توندتری نەبێت و لۆژیکانەتر مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیە بکات و بگاتە قەناعەت کە تورکیا بەئۆپەراسیۆنی سەربازی هیچی دەست ناکەوێت، ئەم کێشەیە کێشەیەکە تایبەت بەناوخۆی تورکیا و پێویستە تورکیا خۆی هەنگاوی جددی بۆ چارەسەرکردنی هەڵبگرێت، بۆیە ناکرێ «تورکیا» خۆی بدزێتەوە لەو شوێنەی کە پێویستە تیایدا ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، ئەویش ئەوەیە کە ئەم کێشەیە لەسەرەتا و لەکۆتاییشدا لەناوخۆی «تورکیا» دایە)).

### هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی عەرەبی و هاتنە پێشەوەی ئیسلامییەکان

تاچەند هاتنە پێشەوەی لایەنە ئیسلامییەکان لەوڵاتانی عەرەبی دەتوانن لاسایی پارتی داد و گەشەپێدان بکەنەوە؟ هەندێك لەپسپۆران لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێن ناکرێت بوار بەلایەنە ئیسلامییەکان نەدرێت بەشداری لەپرۆسەکە بکەن، با بواریان پێبدرێت خۆیان تاقی بکەنەوە، هەندێکی دیکە پێیانوایە لایەنە ئیسلامییەکانی وڵاتانی عەرەبی ناتوانن لاسایی پارتی داد و گەشەپیدان بکەنەوە، لەمبارەوە پرۆفیسۆر ئەبوبەکر بەها لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بینی خۆی بۆ بارودۆخەکە بەمجۆرە خستەڕوو وتی: (لەڕاستیدا ئەوە پرسیارێکە زۆر جێی سەرنجە، دەتوانی بیر لەهەندێ لەئەزموونە مێژوییەکان بکەیتەوە، یەکێك لەو ئەزموونانە بریتییە لەجەزائیر، کاتێك ئیسلامییەکان لەساڵانی نەوەتەکاندا هەڵبژاردنەکەیان بردەوە، هەڵبژاردنەکەیان هەڵوەشاندەوە و توندوتیژیان گرتەبەر. یەکێکی دیکە لەئەزموونەکان بریتییە لەنازیەکانی ئەڵمانیا کە لەپرۆسەیەکی تا ڕاددەیەك دیموکراتیدا هاتنەسەر دەسەڵات، بەڵام دواتر دیموکراسیان لاوازکرد و لەناوبرد. کەواتە پرسیارە بنەڕەتیەکە ئەوەیە ئایا ئیسلامییەکان پابەند دەبن بەڕێساکانی بەدەستهێنانی دەسەڵاتەوە، ئایا پەرە بەدیموکراسی دەدەن، یاخود دیموکراسی دەبێتە ئامرازێك بۆ لەناوبردنی سیستمە دیموکراتیەکە. پێموایە دوو شت گرنگن. یەکەمیان ئەوەیە ئیسلام و پارتە ئیسلامییەکان بە زەرورەت دژی دیموکراسی نین، واتە دەکرێت موسڵمان و پارتی ئیسلامیش هەبێت و لەهەمان کاتدا دیموکراسیش لەئارادا بێت. تورکیا نموونەیەکی باشە لەو ڕووەوە. دووەم، گریمانەی ئەوەی بەهاتنی ئیسلامییەکان بۆ دەسەڵات سیستمەکە لەناو دەبەن، ئەوا ئەمە وەك مەزەندەیەك دەمێنێتەوە، ڕەنگە بووترێت ئێمە تێگەیشتنێکی باشمان هەیە لەبارەی ئەوەی ڕوودەدات، بەڵام ئەمە هەروەك جۆرێك لەمەزەندەکردن دەمێنێتەوە. کەواتە ئەوە سروشتی دیموکراسی نییە بەکەسێك بڵێیت نابێت بەشداری بکەیت، لەبەر ئەوەی ئەگەر دەسەڵات بگریتە دەست، ئەوا دیموکراسی لەناو دەبەیت، تەنیا ئەوکاتە دەتوانین ئەمە بکەین کە ڕووبدات. کەواتە بەڕای من باشترین ڕێگە ئەوەیە هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە کراوە بکرێت و هەر لایەنێك ببیاتەوە، ئەوا بەرجەستەی ئیرادەی خەڵك دەکات، من پێموایە لەناوبردنی دیموکراسی لەبەرژەوەندی ئیسلامییەکاندا نییە ئەگەر هاتنەسەر دەسەڵات، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە دەکەونە شەڕەوە لەگەڵ هەمووواندا. کەواتە من دەرفەتیان دەدەمێ، تاوەکو هەڵبژاردنەکان ئازاد و دادپەروەربن و خواستی خەڵکیان لەسەر بێت. هەروەها دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین کە ئایین لەهەموو کۆمەڵگەیەدا ڕۆڵ دەبینێت. پێموایە ناکرێت بڵێین لەوڵاتێکدا کە ڕێژەی موسڵمانەکان تێیدا لەسەدا ٧٠ بۆ ٨٠ دانیشتوان پێکدەهێنن، نابێت پارتە ئیسلامییەکان هەبن، شتێکی مەنتیقی نییە مەزەندەی ئەوە بکەیت خەڵکی دەنگ بۆ ئەو پارتە نەدەن، لەئەمریکاش مەسیحیەکان دەنگ بۆ ئەو کەسانە دەدەن کە بیروباوەڕێکی بەهێزی مەسیحیان هەیە. هەروەها دووبارە ئەوە هەڵە دەبێت ئەگەر مەزەندەی ئەوە بکەین ئیسلامییەکان دیموکراسی وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بەدەسەڵات بەکار دەهێنن، لەڕاستیدا دەبێت ئەو موجازەفەیە بکەین و دیموکراسیش پەیوەستە بەسەرکێشیکردنەوە،



سامی کۆهین بۆ گوڵان:


## سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بەسوریا پێشنیاری دان بەخۆداگرتنە و ئامانجی ئەوەیە لەڕێی گفتوگۆ و ئامرازە ئاشتیەکانەوە ئەنجام بدرێت نەک لەڕێی توندوتیژییەوە



من دڵنیانیم لەوەی بەهەمان شێوەی تورکیا دەبن، بەڵام پێموایە کێشەیە ئەگەر لەئێستادا ڕێگەیان لێبگیرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی مەترسی دروستبوونی کێشەی گەورەتری لێدەکرێت. کە ئێمە ئەمەمان لەنەیجیریا بینی و ئەمەش دژی مەنتیقی دیموکراسیە. کەواتە تا ئەو کاتەی پێچەوانەکەی نەسەلمێنرێت، ناکرێت بڵێین سیستمە دیموکراتیەکە لەناو دەبەن. کەواتە دەبێت ئەو سەرکێشیە بکەین، لەبەر ئەوەی ئەوانیش بەهەمان شێوەی کەسە هەڵبژێدراوەکان دەکرێت کاری باش بکەن و دەکرێت کاری خراپ بکەن، واتە بۆی هەیە ئەم کەسانە ئیسلامییەکان بن و بۆی هەیە غەیرە ئیسلامییەکانیش ئەم کارە بکەن)).

بەڵام هەر سەبارەت بەهەمان پرس پرۆفیسۆر داڤید واڵندەر ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی فریجینیا و تۆژەر لەسەر پرسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئامۆژگای وۆردۆ وڵسن لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان پێیوایە ئەوە هەڵەیەکی کوشندە و گەورەیە وڵاتانی عەرەبی بە تورکیا بەراورد بکرێت، لەبەر ئەوەی پارتە ئیسلامییەکانی تورکیا لەناو پرۆسەی دیموکراتی لەدایکبوون و ئەوان پرۆسەی دیموکراتیان لەتورکیا دروست نەکردووە، لەمبارەوە بەگوڵانی ڕاگەیاند:

((پێش هەموو شت دەبێت ئەوە بزانین کە وڵاتانی عەرەبی هەموویان وەك یەك نین و پارتە ئیسلامییەکانی وڵاتانی عەرەبی هەموویان وەك یەك بیر ناکەنەوە، بۆیە هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت ئیسلامییەکان لەپرۆسەی هەڵبژاردن دوور بخرێنەوە، بەڵام سەبارەت بە بەراوردکردنی ئەم حاڵەتە بەتورکیا پێموایە کە زۆربەی پسپۆرەکان هەڵەن لەڕووی بەرواردکرنی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ «تورکیا» لەمبارەیەوە، هەڵبەتە یەکێك لەجیاوازییەکان ئەوەیە کە پارتە ئیسلامییەکانی «تورکیا» لەساڵانی ١٩٦٠ەکان و ١٩٧٠کان پەرەیان سەندووە پاش گواستنەوەیان بۆ دیموکراسیەتی گشتگیر، بۆیە ئەم پارتە سیاسییانە لەچوارچێوەیەکی فراوان لەهەڵبژاردنی دیموکراسی سەریانهەڵداوە، دیموکراسییەت لە«تورکیا» لەلایەن ئەو پارتە ئیسلامییانەوە دروست نەبووە. لەزۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینین گۆڕانکارییەکان بوونەتە هۆکار بۆ بەهێزبوونی پارتە ئیسلامییەکان، بۆیە پێموایە کە ئەوان هەمان ئەو ڕۆڵی بەدیموکراتەزەکردنە ناگێڕن کە لە«تورکیا» ڕوویداوە. بۆیە بەڕای من مۆدێلەکەی «تورکیا» تاکە مۆدێل نییە کە بیری لێ بکەینەوە، بەڵکو پێموایە کە هەموو وڵاتێکی عەرەبی مۆدێلێکی تایبەت بەخۆی دروست دەکات، بۆنموونە «تونس» زۆر لە «جەزائیر» جیاوازە و «جەزائیر» زۆر لە «لیبیا» جیاوازە...و تاد. بۆیە وەك ڕایەکی شەخسی خۆم هیچ بەهایەك نابینم لەڕووی بەکارهێنانی ئەزموونەکەی «تورکیا» وەك بنەمایەك بۆ پێشبینیکردنی ڕووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی.))



داڤید واڵندەر بۆ گوڵان:

**هەموو ئەو پسپۆرانە هەڵەن کە حزبە ئیسلامییەکانی وڵاتانی عەرەبی بە حزبە ئیسلامییەکانی تورکیا بەراورد دەکەن**

د. خەیروڵڵا حوسێن وەزیری بازرگانی عێراق بۆ گوڵان:

# هەڵبژاردنەکانی عێراق بەپێی فۆرمی خۆراک کراوە نەک بەپێی سەرژمێری دانیشتووان، فۆرمی خۆراکیش بۆ مەبەستی سیاسی و دەنگی زیاتر یاری پێکراوە

## لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە وەزارەتی بازرگانی عێراق نەیتوانیووە کارەکانی خۆی بە باشی ئەنجامبدات



**بە بەردەوامی و چەندین ساڵە لەلایەن هاووڵاتیانەوە کۆمەڵێك گلەیی و ڕەخنەو پرسیاری حاشاهەڵنەگر لە شێوازی دابەشکردن و جۆری ئەو کەلوپەل و خۆراکانە دەکرێن کە لە ڕێگەی پسولەی بایەعییەوە وەردەگیرێن و خەڵکی لە دوای هۆکارە راستەقینەکانی دەگەڕێن، هاوکات پسـولەی خۆراکیش ڕۆژانە لەناو چەندین پرس و گومانی تەمومژاوی و تەنگژاوی بارودۆخی ناسـەقامگیری عێراقدا لە سـەوداداییەو دەنگۆی ئەوەش زۆرە کە هەندێك لایەنی ناو پرۆسـەی سیاسـی لە غیابی سەرژمێری گشتی دانیشـتوواندا گەمەکاریی بەو پسولانەوە دەکەن و بۆ لاسـەنگ کردنی هاوکێشـەکانی پرۆسەی سیاسی و دارایی و کاریگەری لە دابەشکردنی بەشە داهات و بودجەو داشکانەوەی لە بەرژەوەندی و وەدەستهێنانی دەنگی زیاتر بۆ خۆیان بەکاریدەهێنن، هەروەها خۆ بەدوورەپەرێزگرتنی وەزارەتی بازرگانی عێراق لە هەندێ ڕێکخراوی ناحکومی و دانەنانی نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە زۆربەی لیژنەکانیدا بە تایبەتیش لەو لیژنانەی سەرپەرشتی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان دەکەن گومانەکان زیاتر دەکەن، بۆ تیشـك خسـتنە سـەر ئەم پرسانەو زۆرانی تر بەپێویسـتمان زانی لە بەغدا سەردانی بەڕێز د.خەیروڵلا حوسێن وەزیری بازرگانی عێراق بکەین و ئەم پرسیارانەی ئاراستە بکەین ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

گوڵان ـ بەغدا

*** لەسـەرەتادا حەز دەکەیـن بزانین ئایا چۆن باسی ئەدای وەزارەتی بازرگانی لە عێراقی نوێدا دەکەیت، ئایا تا چەند ئێوە لە ئەداو توانسـتی ئەم وەزارەتە ڕازین؟**

- وەزارەتی بازرگانی عێراق ئەرکەکانی بریتیە لە ڕێکخسـتنی کاروباری ئابووری و بازرگانی لـە ناوخـۆ و دەرەوەی عێـراق، واتـە پێوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دیکـەش ڕێکدەخات، ئەرکی دووەمـی وەزارەتی بازرگانی عێراق بریتییە لە ڕێکخستنی بازرگانی لەناوخۆدا، کاری سێیەمیش بریتییە لە ڕێکخستن و تۆمارکردنی هەموو ئـەو کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانیانەی کە لە ناو عێراقدا کار دەکەن، جگە لەمە دابین کردنی خۆراکە ئەوەی پێی دەڵێن ئەمبارکردنی

## کەسی وا هەبووە بەر لە ٢٠٠٣ پاسەوان بووە کەچی دوای ٢٠٠٣ بروانامەی یاساییان بۆی دەرهێناوەو کراوە بە بەڕێوەبەری گشتی ئیتر چاوەڕوانی چی لەم وەزارەتە بکەین

ستراتیژی(الخزين الاستراتيجي) ئەمیش یەکێکە لە ئەرکەکانی وەزارەتی بازرگانی عێراق، ئەمەش چەنـد ماددەیەکـی دیاریکـراو دەگرێتەوە وەك خـۆ ئامادەکردنێك بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر حاڵەتێکی لەناکاو چ بەهۆی کارەساتی سروشتی یان شەڕ یان هەر کارەساتێکی دیکە کە لە هەموو وڵاتێکدا ڕوودەدەن، لە عێراقدا ماددە سەرەکییەکانی بازرگانی بە پلەی یەکەم بریتین لە گەنم و شیری منداڵ و برنج و ڕۆن و چایی و بابەتەکانی دیکە، جگـە لەمە ئەرکێکی دیکەی وەزارەتی بازرگانی بریتیە لە دیاریکردن و تۆمارکردن و ڕێکخسـتنی کاری وەکالەتەکانی بازرگانی بەپێی یاسای ژمارە یەك کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا هەموار کراوە، هەروەها چەند ئەرکێکی دیکە لە دوای گەمارۆی ئابووری سەر عێراق خراوەتە سـەر وەزارەتی بازرگانی کە پێشـتر پێوەندی بە وەزارەتی بازرگانییەوە نەبووە و لە یاساکەشـیدا نییە ئەویش بریتییە لە بەشـە خۆراکی هاووڵاتیان (البطاقة التموينية).

وەزارەتـی بازرگانـی عێراق لە سـەردەمی ڕژێمی پێشـوو و ئێسـتایش بـە ئەرکی خۆی هەڵنەسـتاوە، لە دوای سـاڵی ٢٠٠٣ وەزارەتی بازرگانـی کەوتۆتە چەند دەسـتێکەوە بەهۆی ڕکابەریی سیاسییەکانەوە کوتلەکان وەزارەتەکانیان بەرکەوتووە، لەم دەستاودەستکردنە هیچ یەکێك لە وەزیرەکانی ئەم وەزارەتە نەیتوانیوە کاری سەرەکی وەزارەت وەکـو خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت و زیاتر کاریان لەسـەر (البطاقة التموينيـة)ی کردووە، بۆیە ئەگەر سـەیری وەزارەتەکە بکەین لە ٢٠٠٣ بەسەرەوە هەموو ئەو گەندەڵی و گرفتانەی تێیدا ڕوویانـداوە هەمووی بەهۆی (البطاقة التموينية) یـەوە بووە، واتـە ئەم وەزارەتە ئەرکی سـەرەکی بریتی بووە لە ڕێکخستنی (البطاقة التموينية) کە ئەویش بریتـی بوو لە کڕینی کەلوپەل بەکۆ و بە بڕی زۆرو دابەشـکردنی بەسەر بریکارەکان، واتە ئەرکی سـەرەکی خۆی نەکردووە و ئەو ئەرکەی کە ئەنجامیشـیداوە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەو کەسانەی پسـپۆڕن و شارەزایی زۆریان هەبووە لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان و یاریدەدەرانی ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەری بەشـەکان هەموویان ڕایان کردووە و عێراقیان جێ هێشـتووە بە حوکمی ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە بەسەر عێراقدا هاتووە ئەوانەی لە دوای ٢٠٠٣وە هاتوون بە بریکاری وەزارەتیشـەوە بـۆ خـوارەوە هیچیان پسـپۆڕ نیـن، بەڵکو بە ئیستیحقاقی سیاسی هاتوون، ئەمەش یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی وەزارەتەکە، چونکە بۆ نموونە خەڵك هەبووە بەر لە ٢٠٠٣ پاسەوان بووە، کەچی دوای ٢٠٠٣ بروانامەی یاساییان بۆی دەرهێناوەو کراوە بە بەڕێوەبەری گشتی ئیتر چاوەڕوانی چی لەم وەزارەتە بکەیـن جگە لەوە نەبێ کە خۆی و حزبەکەی تێـر بکات و کاری بۆ بکات، هەروەها بڕێکی زۆر پـارە بۆ ئەم وەزارەتە تەرخان کراوە و لەبەر ئەوەی کەسانی ناشارەزا کاریان تێدا کردووە، بۆیە وای لێهاتـووە، من کە وەزارەتەکەم وەرگرت ئەو کەسانەی کە شایەنی پۆسـتەکانیان نەبوون گۆڕیومن و سەرەڕای دەستێوەردانی زۆر بۆ نموونە دوو بەڕێوەبەری گشتی هەبوون کە پاڵپشتییەکی زۆریان هەبوو،من بە یەك نووسـراو هەردووکیان گۆڕی لەگەڵ هەموو بەڕێوەبەری بەشـەکاندا، هەروەهـا کـە هاتـم تێبینیم کـرد کۆمپانیای گشـتی خۆراك و کۆمپانیای گشـتی دانەوێڵە و کۆمپانیای دروسـتکردنی ئـاردو کۆمپانیای دابینکردنـی کەلوپەلی ناومـاڵ و خانووبەرە و بازاڕی ناوەندی هەن، لە دوای ٢٠٠٣ ئەمانە هەر شتێکیان بە تەندەر کڕی بێت خۆیان ڕایانگەیاندوە و هێناویانـەو وەریانگرتووە، ئەمـە وایکردووە لە حەوت شـوێنەوە بەبێ بەرنامە شـت بکڕدرێت. بۆیە من کە وەزارەتم وەرگرت ئەمانەم نەهێشـت، لە ناو یاسـای وەزارەتدا بەشـێك هەیە بە ناوی (بەشـی گرێبەستە گشـتیەکان) لە ناو وەزارەت پێشتر ئەمە نەبووە و بۆم دەرکەوت کە کۆمپانیاکان

## تەندەر دەکەین بۆ کڕینی گەنم، کە پێویستە کۆمپانیای جیهانی بەشدار بن، چونکە تەنیا گەنمی ئوستراڵی، ئەمریکی، کەنەدی، ڕووسی دەکڕین

شـتومەك دەکڕن کە لە راسـتیدا نابێ کۆمپانیا شـتومەك بکڕێت و بۆیە دەبێ ئەم بەشە زیندوو بکرێتەوەو کەسێکی یاسایی بکەین بە لێپرساوی و چەند کەسێکی شـارەزای لەبەر دەست دابنێین و نوێنـەری کۆمپانیاکان لـەوێ هەبن و لەوێوە تەندەرکان دەربچن و شـی بکرێنەوەو بڕیار لەسەر کڕینی کەلوپەلەکان بدرێت، هەروەها لەم بەشـەدا بڕیارم دەرکردووە کە هەرچی کڕین و فرۆشتنێکی ئەم وەزارەتـە هەیە دەبێ بەشـێوەیەکی ناوەندی بێت و دەبێ من سەرپەرشتی (بەشـی گرێبەستە گشـتیەکان) بکەم و هەموو ڕۆژانی چوارشەممە کۆبوونەوە هەبێت و وەزیر و بریکارەکان و ڕاوێژکار و پشکنەری گشتی کە سەر بە دەزگای پاکوری واتە (نەزاهە)یە و بەڕێوەبەری گشتی چاودێری بازرگانـی و بەڕێوەبەری فەرمانگەی یاسـایی وەزارەت لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بن، هەروەها داوام

ئەندامیان کە سەر بە لیژنەی ئابوورین وەك شایەت بێن و ئاشنای چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکان بن، ئەم لیژنەیە ئاگاداری وردەکاریەکانی کڕین ودابەشکردنی کەلوپەلی خۆراکە، پێش ئەوەی وەزارەت وەربگرین،ئەمە نەبووە، بۆیە گەندەڵی هەبووە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە بە تەنیا لە وەزارەتی بازرگانی گەندەڵی هەبوو بێت، لەبەر ئەوەی پێوەندی بە بژێوی خەڵکەوە هەبووە و زۆریش لە بەرچاوە، ئەگینا هەموو وەزارەتەکان گەندەڵییان تێدا هەبووە.

*** هۆکاری چی بوو وەزارەتی بازرگانی لە گرنگترین گرێبەستەکانی کە گرێبەستی خۆراك و دەرمانە و زۆر سەرەکین و پێوەندییان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە سەرکەوتوو نەبووە؟**

- سەرەتا با پرسیارەکەت بۆ ڕاست بکەمەوە، جاری دەرمان هیچ پێوەندی بە وەزارەتی

**بەهۆی رکابەرییە سیاسییەکانەوە کوتلەکان وەزارەتەکانیان بەرکەوتووە. لەم دەستاودەستکردنەدا، هیچ یەکێك لە وەزیرەکانی وەزارەتی بازرگانی کاری سەرەکی وەزارەتیان وەکو خۆی بە ئەنجام نەگەیاندووە**

بازرگانییەوە نییەو گرنگترین گرێبەستەکانی وەزارەتی بازرگانی بریتین لەمانەی خوارەوە: لە ساڵێکدا پێویستە چوار ملیۆن تەن گەنم دابین بکات بۆ عێراق کە بەشێکی گەنمی ناوخۆی عێراقە و تێکڕای ساڵانە دەگۆڕدرێت واتە جێگیر نییە بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٠ عێراق یەك ملیۆن و ٨٢٠٠٠٠ تەن گەنمی ناوخۆی وڵاتی هەبووە و ئەوەی دەمێنێتەوە لە کۆی ٤ ملیۆن تەنی تر دەکڕێت، ئەمساڵ یەك ملیۆن و ٧٥٠٠٠٠ تەن گەنمی خۆوڵاتی کەواتە پێویست ٢٢٥٠٠٠٠تەن گەنم بکڕین، بەو مەبەستە بۆ کڕینی گەنم تەندەر دەکەین کە پێویستە کۆمپانیای جیهانی تێیدا بەشدار بن و تەنیا گەنمی ئوسترالی، ئەمریکی، کەنەدی، رووسی دەکڕین، چونکە لە جیهاندا گەنمی ئوسترالی بەناوبانگە بەوەی ئاردەکەی سپی دەردەچێت، پێکهاتەی خۆراکی نێو گەنمی کەنەدی و ئەمریکیش زۆر باشە، ئەمانە لەگەڵ گەنمی خۆوڵاتی تێکەڵ دەکەین ئەو ئاردەی لێی دروست دەبێت و گونجاوە، گەنمی خۆوڵاتی بە تەنیا ئاردەکەی بۆر دەردەچێت و بەهای خۆراکی زۆرە و ئەوانی تریش بە تەنیا گەنمەکەی ئاردەکەیان سپی دەردەرچێت، بەڵام بەهای خۆراکی کەمترە و دەبێ مەڵتی ڤیتامین پریمێکس و فۆلوویکسی تێبکەین.

ئێمە تا مانگی هەشتی ساڵی داهاتوو گەنممان کڕیوە،حیسابی ئەوەمان کردووە ئەگەر بارودۆخی سیاسی عێراق تێك بچێت لە ئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا یان تێکچوونی پێوەندی نێوان کوتلە سیاسییەکان ئەوە ئێمە یەدەگمان هەبێت، وەك یەدەگ گەنمی بیانیمان کڕیوە تا مانگی ئاداری ساڵی داهاتوومان هەیە، واتە کێشەی گەنممان نییەو هەموو ٣٥ رۆژ جارێك لە هەموو پارێزگاکانی عێراق ئارد دابەش دەکەین بە ڕێژەی ٩ کیلۆ بۆ هەر هاووڵاتییەك کە پێموایە زۆرەو بیرمان لەوە کردۆتەوە بیگۆڕین واتە لە سەنتەری شارەکان کەمی دەکەینەوەو تا لە دەرەوە زیاتر بدەین، چونکە ئافرەتی ماڵ لە شارەکان بەکەمی نانی دەکەن بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتانی قەزا و ناحیە و گوندەکان. سەبارەت بە ڕۆن سەرەتا ڕۆن دابەش دەکرا دواتر وردە وردە کرا بە زەیت، سەرەتا لە کوردستان دەستمان پێکردو ئێستا لە هەموو عێراق زەیت دابەش دەکەین، چونکە زەیت بۆ تەندروستی مرۆڤ باشترە، هەروەها بۆ بەکارهێنانیشی ئاسانترەو مانگانە هەر هاووڵاتییەك لیترێك زەیت وەردەگرێت و جۆرەکەشی باشترە لەوەی کە لە سوپەر مارکێتەکانە، لە سەرەتای ساڵەوە زەیتمان کڕی کە بەشی کردین تا ئەم مانگەو تا مانگی سێی ساڵی داهاتوو زەیتمان هەیە، زەیتەکەش راستەوخۆ لە کارگەوە دەکڕین نەك لە بازرگانەکانەوە، چونکە رەنگە بازرگان دەستاو دەستی پێبکەن و جۆرەکەی خراپ بێت و نرخیشی گرانتر بێت و نازانین چۆن و لە کوێوە دێت، لەم ماوەیەدا ٢٥٠ هەزار تەن زەیتمان کڕیوە کە کەرەستە خاوەکەی ئەرجەنتینی و ڕووسیە، بەڵام نابێ ئۆکرانی وچینی تێدا بێت، چونکە جۆری چینی خراپە ئۆکرانیەکەش لەبەر ترسی هەبوونی تیشکدانی ناووکی، چونکە هەر شوێنێك کەلوپەلی ناووکی یان وزەی ئەتۆمی هەبێت ئێمە زەیتیان لێ ناکڕین و ئەوەش یەکێکە لە مەرجەکانی تەندەرەکانمان، سەبارەت بە شیر کە وەزارەتم وەرگرت لە کۆگاکاندا شیری (سیلیاو نەفتالیا) هەبوو، لەسەریان نووسراوە فەرەنسییەو چەند بازرگانێك بە ڕێکەوتن لەگەڵ وەزارەت بەشی ساڵێکیان هێنابوو، ئەم مانگە تەواو بووە، من خۆم گومانم هەبوو، چونکە منداڵ پێی دەڕشێتەوە، دوای ئەوەی شیکردنەوەمان لەسەری کرد، بۆمان دەرکەوت کە ئەم شیرە لە فەرەنسا بەرهەم نەهاتووە، لەوانەیە تەنیا لە فەرەنسا لە قوتوونرا بێت، گرێبەستەکەم راگرت و تازەم نەکردەوە، هەفتەی رابردوو بەشی یەك ساڵ شیری (دیالاك)مان کڕیوە، کە شیرێکی نیوزلەندییەو کارگەی قوتووبەندیی لە ڤێتنامەو لە بازاڕەکانی عێراق بەناوبانگەو خەڵکی دەوڵەمەندیش بۆ منداڵەکانیان بەکاری دەهێنن و دوو جۆری هەیە لە یەك رۆژ بۆ شەش مانگ و لە شەش مانگ بۆ دوازدە مانگ، هەرچەندە نرخی شیری دیالاك گرانترە، بەڵام لەبەر ئەوەی درووستبوون و تەندروستی منداڵمان لەلا مەبەستە بۆیە ئەوەمان کڕیوە.

**جاری وا هەیە لە بازاڕەکانی جیهانیدا شەکر زۆر گران دەبێت، چونکە کەرەستەی خاوی شەکر بۆ مەبەستی تر بەکاردەهێنرێت. هەروەها شەکری بەرازیلی و تایلەندی لەژێر کۆنترۆڵی مافیای جیهانیە، بۆیە کڕینی شەکر ئاسان نییە**

سەبارەت بە شەکر، سێ وڵات بە بەرهەمهێنەری شەکر لە جیهاندا ناسراون، یەکەمیان هیندستانە تەنیا لە نێو هیندستان ٥٧٣ پاڵاوگەی شەکر هەیە، بەڵام مواسەفاتی شەکری هیندی بۆ وڵاتی ئێمە نابێ، چونکە ئەگەر بیکەیە ناو چایەوە شیرینی ناکا سروشتی عێراقیەکانیش وایە دەبێ چایەکی زۆر شیرین بێت، بۆیە نایکڕین و لە تەندەریشدا ئەوە روون دەکەینەوە، وڵاتی دووەم بەرازیلەو سێیەمیش تایلەندە کە ئەمانە شەکرەکەیان باشەو زۆربەی وڵاتانی دنیا شەکر لەم دوو وڵاتە دەکڕن.

وەرزەکانی بەرهەمهێنانیان جیاوازە، بەرازیلییەکان ئێستا کەرەستەی خاوی شەکر دەکات بە میسانۆڵ واتە غازەکەی لێدەردەکا، چونکە سوودی فرۆشتنی غازەکەی زیاترە لە هی شەکرەکە یان لەو وەرزەی کە نرخی شەکر بەرزە شەکر دەفرۆشێت و ئەگەر نرخی شەکر دابەزی دەیکات بە غاز و دەیفرۆشێت، بۆیە دەبینین جاری وا هەیە لە بازارەکانی جیهان شەکر زۆر گران دەبێت، چونکە کەرەستەی خاوی شەکر بۆ مەبەستی تر بەکاردەهێنرێت، هەروەها شەکری بەرازیل و تایلەند لەژێر کۆنترۆڵی مافیایە، بۆیە کڕینی شەکر ئاسان نییە، بۆ چەند ساڵێك عێراق شەکری لەناو کارگەکاندا کڕیوە، بەڵام دواتر ڕێگایان پێنەداوە بەردەوام بێت، بۆ نموونە وڵاتی دراوسێ هەیە پارە دەدات تەنیا بۆ ئەوەی شەکر نەگاتە عێراق، وەزارەتی بازرگانی عێراقی لە ٢٠١٠ بۆ یەکجاریش شەکری دابەش نەکردووە، بەڵام لە کۆی نۆ مانگی ٢٠١١ زیاتر لە حەوت مانگی شەکرمان دابەشکردووە کە مەرجە جیهانییەکانیشی تێدایە.

بابێینە سەر باسی برنج، ئەو برنجەی کە لە کۆگاکاندا هەبوو و دابەشمان دەکرد من وەك وەزیر قەناعەتم هەبوو کە برنجێکی باش نەبووە و بریتی بوو لە برنجی ڤێتنامی و تایلەندی کە هەردووکیان جۆری خراپن، هەرچەندە برنجەکە ماوەی بەسەرچوونی زۆر درێژ بوو، یاخاوێن و بێ شێ بوو، لە کوالێتی کۆنترۆڵ دەردەچێت و هیچ میکرۆبێکی تێدا نەبوو، لە عێراق باشی و خراپی برنج بەند نییە لەسەر ئەوەی کە میکرۆبی تێدابێ یان بوونی هەبێ یان ئیکسپایەر بێ،

بــەڵام کاتێك کابان برنج لێدەنێت ئەگەر دنکەکانی پێکەوە بنووسـێت و دێمی نەکێشا، دەڵێن برنجێکی خراپە، برنجـی تایلەنـدی و ڤێتنامیش نەرمە، تۆپــەڵ دەبێ و یەکتر دەگرێت. تا مانگی حەوت ئەو برنجەمان لە عێراق دابەشـکرد، لەبەر ئەوەی هاووڵاتــی برنجەکەیان پێ باش نەبوو، بڕیارماندا نەیەتەوە عێراق و هەوڵمانــدا برنجی ئەمریکی و بەرازیلی و هیندستانی و پاکستانی و ئۆرۆگوایی بکڕین، ئێستا گرفتێکمان هەیە ئەویش ئەوەیە کە برنجی نوێمان دابەشـکردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بریکارەکان برنجـی کۆنیان لا کەڵەکە بووە یان لە بازاڕ هەرزانە هەڵدەستن برنجە کۆنەکە دەدەنەوە بە خەڵك و ئۆرگواییەکە دەفرۆشنەوەو ئێستا خەریکی چارەسەر کردنی ئەم گرفتەین.

بەگشتی کێشەکانی (البطاقة التموينية) بریتین لە کڕین و هێنان و گواســتنەوەی لەناو عێراقدا، ئێمە گشــت کێشــەکانمان کۆنترۆڵ کردووە تەنیا کێشەی بریکار نەبێت کە ژمارەیان دەگات ٥٩٠٠٠ بریکار لە سەرتاسەری عێراق واتە ٥٩٠٠٠ گرفت کە پێویســتی بە چارەســەرکردن هەیە، هەروەها گواستنەوەی کەلوپەل یەکێکە لە کێشەکانمان، زۆر جار هاووڵاتیان دەڵێن لە ســەردەمی رژێمی پێشوو باشتر دەگەیشت، ئەمەیان ڕاستە بەڵام ئێستا لەبەر تێکچوونی ڕێگاوبانەکان و زۆربوونی بازگەکان و نا سەقامگیری و کردەوە تیرۆریستییەکان، ئەمانە وایان کردووە کە گواســتنەوەو هاتوچۆ کەم بێتەوە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەســەر کاری بەشــە خۆراك و وەزارەتی بازرگانی.

*** زۆرجــار لە ئەنجوومەنی نوێنەران باس لەوە دەکرێت، ئێوە راســتەوخۆ گرێبەســتەکان لەگەڵ کۆمپانیاو و وڵاتەکاندا بکەن، تا چەند ئەو کارەتان کردووە؟**

- کڕینی کەلوپەل چەند جۆرێکی هەیە یەکێکیان ئەوەیە کە تەندەر بکەی بۆکڕینی پێداویستییەکان و مانگانە چەندین تەندەرمــان هەیە، کە بەڕای من ئەمە شـێوازێکی سەرکەوتوو نییە، چونکە بۆ نموونە کە تەندەر دەکەی بــۆ کڕینی ١٠٠،٠٠٠ تەن شــەکر زۆربەی ئەوانەی دێن بــۆ تەندەرەکە کۆمپانیای تــەواو نین و لە کڕینــی کەلەپەلی خۆراکدا شــارەزا نین و بە نرخێکی کەم دێنە ناو کەمکردنەوەکەو ئێمەش بەپێی ڕێنماییەکان ناچارین بیدەیــن بەو کۆمپانیایەو کارەکەی بۆ ناکرێت، یان کۆمپانیــا هەیە کە توانای جێبەجێکردن و هێنانی شــەکرەکەی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی نرخەکەی زۆرە بۆی دەرناچێت، بۆیە کۆمپانیایەکی ئاســت نزم و ناشارەزا لە کارەکە دێتە پێشەوە، بۆیە زۆربەی تەندەرە ناســەرکەوتووەکان لە ئەنجامی ئەوەیە کە کۆمپانیای ناپرۆفیشــناڵ دێت بە نرخی زۆر کەم ئەرکەکە دەخاتە ئەســتۆی خۆی و ســەرکەوتوو نابێــت، جــۆری دووەمی کڕیــن بریتییە لەوەی کــە وەزارەت خۆی بچێت لــە کارگەکان کەلوپەل بکڕێت لەمەدا زۆر سەرکەوتووین و ئەنجامەکەشی باشــترە، ســێیەمیش ئەوەیە کــە بازرگانێك لە کۆگاکانی پێداویستییەکی دیاریکراو هەیەو کاتێك پێداویستییەکە بەپێی مەرج و مواسەفاتی وەزارەت بێت دەچین گفتوگۆی لەگەڵ دەکەین بۆ کڕینی بەپێی بڕیارێك کــە پێی دەڵێن بڕیاری ٣٧ کە لە ساڵی ٢٠١٠ لە ئەنجوومەنی وەزیران دەرچووە.

*** دۆسیەی ئەو کۆمپانیانەی لە گەندەڵییەکەی هێنانی زەیت بۆ پارێزگای بەسرە تێوەگلاون بەچی گەیشتووە؟**

- ئەم دۆسیەیە نەزەیت بووە و نە بۆ پارێزگای بەسرە بووە، لە ســاڵی ٢٠٠٨ وەزارەتی بازرگانی داوای کردووە رۆن و زەیتی بۆ بێنن هەرکەســێك رۆیشــتبێت بۆ وەزارەت کاغەزێکیان بۆی کردووە واتە گرێبەستی رەســمی نەبووە، کۆمپانیایەك بە وەزارەتی وتــووە من دەچم رۆن دەهێنم پێیان وتووە بڕۆ بیهێنە کاغەزێکیان بــۆ کردووە و پێی دەڵێن (قطع) واتە وەزارەت رێــگای پێداوە بچێت زەیت بهێنێــت، ئەم کۆمپانیایە کە کوردییەو خاوەنەکەی نــاوی (هیوا ئەحمەد)ە چــووە بۆ هێنانی ڕۆن و زەیت و ٣٠،٠٠٠ تــەن بەس ڕۆنی هێناوە، زەیتی نەهێناوە و تەنیا بۆ بەســرا نەبووە بەڵکو بۆ هەموو عێراقی هێناوە، لەسەر داوای وەزارەتی بازرگانی و دوای ئەوەی بە کەشتی هێناویەتی لە (ام قصر) دایگرتووەو بە وەزارەتی ڕاگەیاندووە کە ڕۆنەکەی گەیشتووە، لە وەزارەتەوە رۆژێك پێیان وتووە بەڵێ وەریدەگریــن و رۆژێکــی تر وتوویانــە نا وەری ناگرین، بەم شــێوەیەش کێشە لەنێوان بازرگانەکەو و وەزارەتدا دروست بووەو بە بن بەست گەیشتوون، لــە کۆتاییدا ئەم ڕۆنە وەرنەگیراوەو لە کۆگاکانی وەزارەت هەڵیشــنەگیراوە، تا ساڵی ٢٠١١ واتە بۆ ماوەی دوو ســاڵ لە دەرەوە، لەبەر باران و سەرما و گەرما و با و شــێ لەو نــاوە کەوتووە، کە من هاتم و جەردی کۆگاکانی وەزارەتم کرد دەبینیم ئەم هەموو ڕۆنە کە دوو مانگی ماوە ئێکسپایەر بێت و نرخەکەشــی ٥٧ ملیۆن دۆلارە، بینیم ئەم ڕۆنە چەکێکە دوو سەرە، ئەگەر وەرینەگرم بازرگانێکی عێراقی بڕی ٥٧ ملیۆن دۆلار زیانی پێدەکەوێت، واتە زیان بــە ســەرمایەیەکی عێراقی دەکەوێت حــەق نییە ئەم زەرەرە بکات، لــە پای چی، وتم ئەگــەر بکرێ بیدەینە خەڵك و دابەشــی بکەین، لیژنەیەکــم نــارد، لیژنەکە پێیــان ڕاگەیاندم کە تەنەکەکانی ژەنگاوی بوون و تەنیا دوو مانگیشی ماوە بۆ تێکچوون، بۆیە بڕیارمدا دابەشی نەکەین، ئەم کێشــەیەم گەیاندە ئەمینداریەتی گشــتی و ئەنجوومەنــی وەزیران و پەرلەمان، ئەوان پێیان وتم دەتوانی زوو دابەشــی بکــەی، وتم نەخێر زۆری نەماوە ئێکســپایەر دەبێت و دوو ســاڵیش دەبێ لە دەرەوەی ئەمبارەکان دانراوە، ئێستا وەك ژەهری لێ هاتووەو ئامادە نیم دابەشی بکەم، لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی عێراقەوە لیژنەکی تایبەتیان بۆ ئەم کێشــەیە دروســت کردو ناردیان بۆ (ام قصر) ئەم کێشــەیە تا ئێســتاش لە دادگا و لیژنەی نەزاهە ماوەتەوەو هیــچ پێوەندی بە ئێمەوە نییە، لیژنەی نەزاهــە و دادگا بڕیاریانداوە ئــەم ٣٠،٠٠٠ تەن ڕۆنە لــە کۆگایەکی تایبەتــی ئێمە هەڵبگرن و بە مۆم دەرگای کۆگاکــەش دابخەن، بۆ ئەوەی کــەس نەتوانێت بیکاتەوە، دەتوانــم بڵێم تەنیا ئەم ڕۆنە کێشەی هەیە.

*** ئەی کێشەی گەنمەکەی کەرکوک بە کوێ گەیشت؟**

- وەزارەتی کشــتوکاڵ ئەو گەنمەی کە لەسەر خاکــی عێراقی و لەلایەن جوتیــاری عێراقییەوە کراوە پێی دەڵێن(پلانی کشتوکاڵی) هەر جوتیارێك کاغەزی پلانی کشتوکاڵی هەبووبێت گەنمەکەی لێ وەرگیراوە و نرخی یەك تەنی ٧٢٠،٠٠٠ دینارە، ئەمەش بۆ پاڵپشــتی کردنی زیاتری جوتیارانی عێراقە، بەڵام هەر گەنمێك بەپێی پلانی کشتوکاڵی نەبێت و وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقی پشتگیری لە جوتیارەکە نەکردبێت گەنمەکە وەرنەگیراوە، چونکە کەسانێك هەن گەنمی ئۆکرانی کە تەنی بە ٢٠٠ دۆلارە دەهێنــن تــا وەزارەت وەك گەنمی عێراقی لێیان وەربگرێتەوە.

*** باس لە بوونی کێشــەکانتان دەکرێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کــە لیژنەکان نوێنەری هەرێمی کوردســتانی تێدا نییە بەتایبەتی لە مەســەلەی بەشە خۆراکی هاووڵاتیاندا؟**

- هیچ کێشــەیەك لەنێوان وەزارەتی بازرگانی عێــراق و حکومەتی هەرێمی کوردســتاندا نییە، چونکە ئــەو خۆراکەی کە دەکڕدرێت لە بودجەی حکومەتــی هەرێم و بودجەی حکومەتی ناوەندی ناکڕدرێــت بەڵکو لە نەفەقاتی تایبەتی دەکڕێت و پێوەندی بە ١٧٪ی هەرێمەوە نییە.

**تێکچوونی ڕێگاوبانەکان و زۆربوونی بازگەکان و ناسەقامگیری و کردەوە تیرۆریستییەکان، کاریگەری نێگەتیڤیان هەبووە لەسەر گواستنەوەی بەشە خۆراك و کاری وەزارەتی بازرگانی**

**شەکری هیندی بۆ وڵاتی ئێمە نابێ، چونکە ئەگەر بیکەیتە ناو چایەوە شیرینی ناکا، سروشتی عێراقییەکانیش وایە دەبێ چایەکەی زۆر شیرین بێت، بۆیە نایکڕین و لە تەندەریشدا ئەوە روون دەکەینەوە**

*** بۆچی ناتوانرێت کۆنترۆڵی بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستییە سەرەکییەکان بکرێت لە بۆنە ئایینیەکاندا؟**

- لە عێراقدا یاسای ڕێکخستنی بازرگانی هەیە کە ئەگەر بە تەواوی جێبەجێ بکرێت دەتوانرێت نرخ بەشێوەیەکی ڕێکوپێك دیاری بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی یاساکە جێبەجێ نەبووە، ناتوانرێ نرخەکان کۆنترۆڵ و دیاری بکرێ بۆ جێبەجێکردنیشی پێویستە چەند یاسایەکی دیکەی لەگەڵدا جێبەجێ بکرێت بۆ نموونە پێویستە تاریفەی گومرگی هەبێت کە بەبێ ئەوە ناتوانرێ کاری بازرگانی لەنێو عێراقدا ڕێك بخرێت، چونکە ئەگەر تاریفەی گومرگیش هەیە حکومەت پاڵپشتی بەرهەمی نیشتمانی دەکات، کەواتە چەندین فاکتەر هەن پێوەندییان بە یەکەوە هەیە و یەکتر تەواو دەکەن.

***عێراق لە پێشەوەی ئەو وڵاتانەیە کە بۆ دابین کردنی کەلوپەلی خۆراك پشت بە دەرەوە دەبەستێت بۆ ساغ کردنەوەی ئەم مەسەلەیە چی بکرێت باشە ئایا وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی کشتوکاڵ هیچ هەنگاوێکیان ناوە لەم بوارەدا؟**

- وەزارەتی بازرگانی پێوەندی نییە بە بەرهەمهێنانی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان وئەم کارە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە وەزارەتی کشتوکاڵەوە هەیە، ئێمە ساڵانە بە وەزارەتی کشتوکاڵ ڕادەگەیەنین کە ئەمساڵ پێویستیمان بە چەند تەن لە کەلوپەلی خۆراکی هەیە وەك برنج و گەنم و شەکر، وەزارەتی کشتوکاڵیش دەست دەکات بە پلانی خۆی بۆ بەرهەمهێنانی ئەوەی کە پێویستە لە کەلوپەلەکان، بەڵام بۆ نموونە وەزارەتی کشتوکاڵ ناتوانێت شیر دابین بکات، بۆیە ئێمە ناچارین شیر لە دەرەوە بهێنین، چونکە مانگانە پێویستمان بە چەند هەزار تەن لە شیر هەیە بۆ گەورەو بۆ منداڵان (نەك تەنیا لە عێراق بەڵکو لە زۆر وڵاتی دیکەش دەبێ شیر بهێنن) بە بڕوای من تا ٢٠ ساڵی دیکەش عێراق ناتوانێت مانگانە دوو هەزار تەن لە شیری تەربەرهەم بهێنێت تەنانەت تورکیا و سوریا و زۆر لە وڵاتانی ئەوروپاش ئەو توانایەیان نییە، چەند وڵاتێکی دیاریکراو نەبێت وەك فەرەنسا،هۆڵەندا، دانیمارك، نیوزلەندا، هەروەها لە عێراق شەکر نییە هەر دەبێ لە دەرەوە بیهێنین، بە هەمان شێوە ئەو زەیتەی لە عێراق بەرهەم دەهێنرێت بەشی

**لەبەر ئەوەی بریکارەکان برنجی کۆنیان هەیە یان لە بازاڕ هەرزانەکە دەکڕنەوەو، هەڵدەستن برنجە کۆنەکە دەدەنەوە بە خەڵکی و برنجە باشە ئۆرۆگواییەکە بە بازاڕ دەفرۆشنەوە**

**هەفتەی ڕابردوو بەشی یەك ساڵ شیری (دیالاك)مان کڕیوە، کە شیرێکی نیوزلەندییەو کارگەی قوتووبەندیی لە ڤێتنامەو لە بازاڕەکانی عێراق بەناوبانگەو خەڵکی بە گشتی بۆ منداڵەکانیان بەکاری دەهێنن**

١٠٪ی دانیشتووانی عێراق ناکات، ئێمە مانگانە پێویستمان بە ٤٨٠٠٠ تەن لە زەیت هەیە ئەم بڕە زۆرە پێویستی بە چەند گوڵەبەڕۆژە هەیە بۆ ئەوەی بتوانی ئەم بڕە زەیتە بەرهەم بهێنیت، ئەمە لە توانای وەزارەتی بازرگانی عێراقیدا نییە.

*** ئاستی پێوەندیتان لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومیەکان بەتایبەتی ژوورە بازرگانیەکان چۆنە؛ زۆر جار باس لە ساردی پێوەندییەکانتان دەکرێت؟**

- من تەنیا باس لە سەردەمی خۆم دەکەم، بە پێچەوانەوە هەماهەنگییەکی زۆر باشمان هەیە لەوانە لەگەڵ ئەنجوومەنی پیاوانی کاری عێراقی و یەکێتی ژوورە بازرگانیەکانی عێراقی و دەستەی وەبەرهەمهێنان پێوەندییەکی زۆر زۆر باشمان هەیە لە زۆر مەسەلەدا ڕاوێژ بە یەکتر دەکەین، لە لیژنەکاندا هەمیشە ئەندامیان هەیە تەنانەت پێشنیارمان کردووە لە دەستەی ڕاوێژی وەزارەتیشدا ئەمانە دەنگیان هەبێت.

*** بڕیار بوو کۆمەڵێك سایلۆ لە عێراق دروست بکرێت، ئەمە بەچی گەیشت؟**

- مەسەلەی دروستکردنی سایلۆ لە عێراق زۆر ئاڵۆزە و ئاسان نییە، دەمەوێ ئەوەشت پێ بڵێم کە لە هەموو پارێزگاکانی عێراق سایلۆ هەیە جگە لە سلێمانی، لە هەندێك پارێزگاش سایلۆی زۆر کراوە لە هەندێکیان نەکراوە ئەمەش لەوانەیە بەپێی سیاسەتی حکومەت و بڕی بەروبوومە کشتوکاڵیەکانی بووبێت، کەچی سلێمانی بەرهەمیشی زۆر بووە، بەڵام نیازی گواستنەوەی شارەکەیان هەبووەو سایلۆیان بۆی دروست نەکردووە یان دروستیان کردووەو بە نیوەناچڵی بەجێیان هێشتووە، هەروەها سایلۆکانی عێراق هەموویان کۆن بوون و نوێترین سایلۆی عێراق لە ساڵی ١٩٩٠ دروستکراوەو زۆربەیان لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دروستکراوە، کەواتە زۆربەی سایلۆکانی عێراق پێویستە بگۆڕدرێن، ئەوانەشی هەیە دەبێ نۆژەن بکرێنەوە، هەروەها ئەو سایلۆیانەی کراون بەپێی ژمارەی دانیشتووان بووە، بۆیە هەموو پارێزگاکان پێویستیان بە چەند سایلۆیەك هەیە، لە کوردستان لە چوارچێوەی ١٧٪ی بەشی هەرێم لە بودجەی عێراق، حکومەتی هەرێم سایلۆ دروست دەکات واتە لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی ئەرکی حکومەتی فیدرالی نییە سایلۆی بۆ دروست بکات.

ئێمە لە وەزارەتی بازرگانی عێراق پلانێکمان داناوە کە بەپێی ژمارەی دانیشتووانی هەر



شارێك سایلۆ دروست بكەین نەك بە گوێرەی ئەو گەنمەی بەرهەمی دەهێنێت، چونكە سایلۆ وەك تەنكەری ئاو وایە، ئەو بودجەیەی كە بۆ دروستكردنی سایلۆ بۆمان دیاریكراوە بەشی ئەوە ناكات ئێمە بتوانین لە ساڵێكدا ئەو هەموو سایلۆیە دروست بكەین بۆیە بەرنامەیەكمان داناوە كە تا ٢٠١٥ بتوانین لە هەموو پارێزگاكان سایلۆ دروست بكەین و ئێستا دوو سایلۆ دروست دەكەین لە كەربەلا و دیوانییە، ساڵی داهاتووش لە بەسرا و موسەنا و سەلاحەدین و كەركوك و واست سایلۆ دروست دەكەین.

***لە بەرنامەی وەزارەتدا هەیە ناوچەی بازرگانی ئازاد دابمەزرێت، گرنگترین ئەو كێشانە چین كە رووبەڕووی دامەزراندنی ئەم ناوچە بازرگانییە دەبنەوە؟**

- زۆربەی كێشەكان سیاسین، بڕیار وایە لەنێوان عێراق و هەر یەكە لە توركیا و ئێران و سعودیا و ئوردن چەند ناوچەیەكی بازرگانی ئازاد دروست بكرێت، پێداویستییەكانی دامەزراندنی ئەم ناوچانە لەلایەن ئێمەو وەزارەتی بازرگانی هەر یەكێك لەم وڵاتانە دابین كراوە، بەڵام كێشەكە بریتییە لە مەسەلە سیاسیەكان، توركیا لە لایەك ئاومان لێدەگرێتەوەو لەلایەكی ترەوە داوای بازاڕی ئازادمان لێدەكات، ئێمە بە دامەزراندنی بازاڕی ئازاد لەگەڵ توركیا رازین بە مەرجێك وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەكانی عێراق رازی بێت، چونكە لەنێوان وەزارەتەكانی عێراق هەماهەنگی و ئاگادار بوون لە كارەكانی یەكتری هەیە واتە وەزارەتەكان پێویستە بەرژەوەندی یەكتری بپارێزن، لە دانیشتنەكانماندا لەگەڵ توركەكان وەك وەزارەتی بازرگانی هیچ كێشەمان نەبووە، بەڵام لە ڕووی ئاوەوە كێشەمان هەبووە، بۆیە ڕێكەوتنەكان ڕادەگرین بە هەمان شێوە لەگەڵ ئوردن و سعودیا و ئێرانیش واتە كێشەی ئابووری و بازرگانیمان لەگەڵیاندا نییە بەڵكو كێشەكان سیاسین.

**لیژنەی نەزاهە و دادگا بڕیاریانداوە ٣٠٬٠٠٠ تەن ڕۆن كە بە بڕی ٥٧ ملیۆن دۆلار لە لایەن بازرگانێكەوە هێنراوە لە كۆگایەكی ئێمەدا هەڵبگرن و كۆگاكەش بە مۆم دابخەن، بۆ ئەوەی كەس نەتوانێت بیكاتەوە**

**ناهاوسەنگی سیاسی نێوان كوتلە سیاسیەكان كاریگەریی هەبووە لەسەر كارە بازرگانیەكان**

*** باس لە بوونی هەزاران پسولەی خۆراكی ساختە دەكرێت، ئایا ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی پێویست نییە بۆ چارەسەركردنی ئەم گرفتە؟**

- سەرژمێری گشتی لە عێراق زۆر پێویستە بۆ زۆر شت، لەوانە بۆ وەزارەتی ئێمە زۆر پێویستە، چونكە سەرژمێرییەكی ڕاست و دروستی عێراقمان نییە بۆ ئەوەی بتوانین لەو ڕێگایەوە پسولەی خۆراك دابەش بكەین بەڵكو وەزارەتی بازرگانی عێراقی چەند زانیارییەكمان لە لایە بەپێی فۆرمی خۆراك كە ڕێژەیەكی زۆری ساختەی تێدایەو خۆراك دابەش دەكەین، هەروەها پرۆسەی سیاسی لە عێراق بەپێی سەرژمێری دانیشتووان نەكراوە، واتە هەڵبژاردنەكانی عێراقیش بەپێی فۆرمی خۆراك كراوە، نەك بەپێی سەرژمێری دانیشتووان، فۆرمی خۆراكیش بۆ زۆر مەبەست زیاد و كەمی پێكراوە لەوانە دزین لە بەشە خۆراك بۆ نموونە بریكار و پارێزگا هەن ناوی زیادیان نووسیوە هەروەها بۆ ئەوەی ژمارەی دانیشتووانیشی پێ زیاد بكرێت، بۆیە ئەگەر سەیری زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان لە عێراق ٢-٣٪ بووە، بەڵام ئەگەر بەپێی پسولەی خۆراك لە ١٠-١٥٪ش تێپەڕی كردووە، لە هەندێك پارێزگادا لایەنێكی سیاسی باڵا دەستە بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردن دەنگی زیاتر بەدەست بهێنێت ژمارەی خەڵكی زیاد كردووە، لە بەرامبەردا لایەنێكی تر لە ناوچەیەكی تردا هەمان كاری كردووە لەم نێوەندەدا ژمارەی دانیشتووانی عێراق لە پسولەی خۆراكدا زیاد بووە.

بۆیە ئێمە وەكو وەزارەتی بازرگانی لەڕووی داراییەوە زۆر زەرەرمان كردووە لە پسولەی خۆراك، پرۆسەی سیاسی لەهاوسەنگی نێوان كوتلە سیاسییەكان زیانی پێكەوتووە، بۆیە قسەمان لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان كردووە كە پێویستە سەرژمێری گشتی دانیشتووان ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتووان بزانین.

*** تا ئێستا چەند كۆمپانیا خراوەتە لیستی ڕەشەوە؟**

- ئەم پرسیارە زۆر فراوانە، چونكە ساڵانە كۆمپانیا هەن دەخرێنە لیستی ڕەشەوەو هەر كۆمپانیایەك سەر بە هەر وەزارەتێك بێت و ناوخۆیی بێت یان بیانی بەپێچەوانەی ڕێنماییەكان ڕەفتار بكات دەخرێتە لیستی ڕەشەوە و تەنیا ئێمە نین كە كۆمپانیا دەخەینە لیستی ڕەشەوە بەڵكو هەر وەزارەتێك سەرپێچی لەهەر كۆمپانیایەك ببینێت بەلیستێك وەزارەتی پلاندانانی لێ ئاگادار دەكاتەوەو وەزارەتی پلاندانان بۆی هەیە بیخاتە لیستی ڕەشەوە، بۆیە بۆ زانینی ئەو كۆمپانیایانە، پێویستە سەرەتا ماوەكەی دیاری بكەیت، كە لە چ ماوەیەك و لە چ بوارێك بووە ئینجا دەبێ لە وەزارەتی پلاندانان وەریبگریت.

**هەر شوێنێك كەلوپەلی ناووكی یان وزەی ئەتۆمی هەبێت ئێمە زەویتیان لێ ناكڕین و ئەوەش یەكێكە لە مەرجەكانی تەندەرەكانمان**



قەزای شـێخان یەکێکە لە قەزا دێرین و کۆنەکانی کوردســتان، لە ســاڵی ١٩٢٤ بەپێی بڕیارێکی ڕژێمی پاشــایەتی ئەوســا بووە بە قەزا، ناحیەکانی (قەسرۆك و باعەدرێ و ئەتروش و زێلکا)و ١٧٣ گوندیش لەخۆدەگرێت کە ١٤٦ گوندیان ئاوەدانکراونەتەوە. ژمارەی دانیشتووانی سنووری قەزای شـێخان بەگشـتی نزیکی ١٢٥ هەزار کەس دەبێت، پێکهاتەی شـێخان لە ڕووی نەتەوەیی و ئاینییەوە لەخەڵکێکی جۆراوجۆر پێکهاتووە کە بەگیانێکی تەناهی و ئاشـتەوایی و لێبوردەییەوە پێکەوە دەژین، شـێخان وەکو نەتەوە(کورد و عەرەب و ئاشوری و کلدان) لەخۆ دەگرێت، وەکو ئایین ٩٠ هەزاری موسڵمان و ٢٦ هەزار ئێزیدی و ٤ هەزار کەسی مەسیحی تێدا نیشتەجێن.

لە بوارەکانی خزمەتگوزاری و ئەنجامدانی پرۆژەشدا گرنگی ئەوتۆی پێنەدراوەو بە تەواوی پشتگوێ خراوە، تەنانەت لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقیشەوە لە لایەن ئیدارەی موسڵەوە کەمترین کارو پرۆژە بۆ ئەم دەڤەرە ئەنجامدراوە، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی دابڕێنراوە لە هەرێمی کوردستان و بەپێی ماددەی ١٤٠ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بۆیە کەموکوڕییەکی زۆری لە بوارە جیاجیاکانی خزمەتگوزارییەوە هەیە، چ لە سەنتەری قەزاو سـنوورەکەیدا، چ لە گوندەکانی سـەر بەکارگێڕی قەزاکەیدا، لەبەرکەمی ئەو خزمەتگوزاریانە خەڵکی ناوچەکە گلەیی لەحکومەتی هەرێمی کوردسـتان دەکەن و پێیان وایە پێویسـت ناکات چیتر وەکو ناوچەیەکی دابڕێنراو لە هەرێم، لەچاوەڕوانی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

ئێمە وەکو تیمی (گۆڤاری گوڵان) سەنتەری قەزای شێخان و سنوورەکەمان بەسەرکردەوە، دواتر چەند هاووڵاتییەکمان لەبارەی کاروباری ڕۆژانەیانەوە دواند، یەکێك لە هاووڵاتییەکان کە کریستیان بوو گلەیی و ڕەخنەی لە بارەی کەمی بینایەی قوتابخانەو کەمی مامۆستای پسپۆڕەوە هەبوو، هەروەها گەنجێك گلەیی لە دامەزراندنی ئەم جارەی هەرێمی کوردستان هەبوو کە ڕێژەیەکی زۆر کەمیان بۆ ناوچەکەیان دانرابوو، هاووڵاتییەکی تر گلەیی هەبوو لە بواری تەندروستی بەتایبەتی لە کەمی پزیشك و نەبوونی ئامێری پشکنینەکان و نەبوونی نەخۆشخانەیەکی پێشکەوتوو، ئەم ڕەخنەو گازاندەو داواکارییانەی هاووڵاتیان و چەند پرسیارێکی تریشمان ئاڕاستەی(حەسۆ نەرمو) قایمقامی قەزای شێخان کردەوە.

# شێخان.. پرۆژەکانی ئاودێری و ت












# ەندروستی و پەروەردەی پێویستە



حەسۆ نەرمو قایمقامی شێخان بۆ (گوڵان):

# لەشێخان کێشەی زەوی کشتوکاڵی هەیەو پێویستی بەچارەسەرێکی بەپەلە هەیە



### شێخان و ناوچەکە داوای ئیدارەیەکی سەربەخۆ دەکەن

سەبارەت بەماستەرپلان کە نەخشەی ڕێگایە بۆ فراوانبوونی هەموو شارو شارۆچکەیەك، حەسۆ نەرمو قایمقامی قەزای شێخان وتی: بەشێکی شێخان ماستەرپلانی بۆ کراوە، بۆ بەشەکەی تریشی پشت بەنەخشەی بنەڕەتی دەبەستین، بەڵام ئێمە لەڕووی یاساییەوە کێشەی زەوی کشتوکاڵیمان هەیە، بەتایبەتی لە گوندەکاندا، چونکە لە(١٩٧٨/٣/١٦)ەوە زەویو زاری گوندەکانی ئەم سنوورە بەپێی بڕیاری ژمارە ٣٥٨ ی ڕژێمی ئەوسای عێراق دەستیان بەسەر داگیرابوو، ئەم زەوییانە بە ناوی وەزارەتی دارایی عێراق و عەرەبە هاوردەکانەوە تۆمارکراوە.. ئەو ناوچانەش بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستوور مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، هەرچەندە بۆ چارەسەرکردنی ئەو جۆرە کێشانە بڕیاری ژمارە ٤ لە ساڵی ١٩٩٩ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە دەرچووە، بەڵام کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکان وەکو خۆیان ماونەتەوە، بۆیە لێرەدا داواکارم لە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان بۆ چارەسەرکردن و بەدواداچوونی ئەو کێشانە لیژنەی یاسایی و کشتوکاڵی تایبەتمەندو پسپۆر دابنێن و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەن و ناکرێت چیتر چاوەڕوانی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور بین، کێشەی ئەو زەویانە بۆمبێکی تەوقیتکراوە بۆ تەقینەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی لە دەڤەرەکەدا.

### بودجەی موسڵ نادادپەروەرانە دابەش دەکرێت

سەبارەت بەوەی کە قەزای شێخان سەر بەناوچە دابڕێنراوەکانەو چۆن لەڕووی ئیداری و داراییەوە کارو ئیشەکانیان ڕێك دەخەن؟ قایمقامی قەزای شێخان وتی: کێشەی سەرەکی هەموو کارو ئیشەکان لە سنوورەکە بوونی ئیدارەی ئیزدیواجییە، جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ وایکردووە کە چارەنووس و کێشەکانمان بەبێ چارەسەرو بەهەڵواسراوی لە نێوان هەردوو ئیدارەی دهۆك و موسڵ بمێنێتەوە، بەڵام بەبێ موجامەلە ئەو کارو پڕۆژانەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە لە ماوەی ٨ ساڵی ڕابردوودا بۆ قەزای شێخان ئەنجامدراوە زۆر زیاترن لەو کارانەی کە لەماوەی ٨٠ ساڵی حوکمی حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق کردویانە، بەڵام وەکو خواست و ئومێد پێویستمان بە ئاوڕلێدانەوەی زیاترە، ئەو کارو پڕۆژانەی کە لە دوای ئازادی عێراقەوە بۆ شێخان کراون، زیاتریان لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای دهۆك بووە، لەماوەی ڕابردوودا تەنیا ٤ کاتژمێر کارەبامان هەبوو، بەڵام ئێستا لە ڕێگای تۆڕی دابەشکردنی کارەبای کوردستانەوە شەوو ڕۆژ ٢١ کاتژمێر کارەبامان هەیە، هەروەها پڕۆژەی زۆری ڕێگاوبان بۆ سنوورەکە ئەنجامدراون یا لەژێر جێبەجێکردندان، بەڵام بەهۆی بەرفراوانبوونی شارۆچکەکەو زیادبوونی هاووڵاتیان لە سنوورەکەدا بە بەردەوامی سەنتەری قەزاو سنوورەکە پێویستی بە پڕۆژەی جیاجیا هەیە، جگە لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای دهۆك لەسەر پارەی پترۆدۆلاریش پڕۆژە خراوەتە ژێر ئەنجامدانەوە، بەڵام لەبودجەی پەرەپێدانی موسڵ کە ماوەیەك پێش ئێستا لە پەرلەمانی عێراق پەسندکرا کە بڕی ٦٠٦ملیار دینارەو لەم بڕە بودجەیە بۆ هەموو قەزاو ناحیەکانی پارێزگای موسڵ تەنیا ٢٠٨ملیار تەرخانکراوە، گەرچی ٣٩٨ملیار دینار بۆ ئەنجومەنی پارێزگاو ئیدارەی موسڵ بە بڕیارێك یا بە دەنگدانێك جیاکراوەتەوە کە ئەو بڕە پارە زۆرەش بۆ هەندێ ناوچەو شوێن و پڕۆژەی بەردەوام و ستراتیژی خۆیان خەرجی دەکەن، واتە ئەو بڕەی کە بەر قەزای شێخان و سنوورەکەی دەکەوێت زۆر زۆر کەمەو ناتوانرێت پڕۆژەیەکی باشی وەکو قوتابخانەیەك یا نەخۆشخانەیەکی پێ جێبەجێ بکرێت، بۆیە پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم دابەشکردنی بودجەیەش بەپێی ژمارەی دانیشتووانی قەزاکە نییەو گەورەترین نادادپەروەری تێدایە. گەرچی لە مانگی ١٠ی ٢٠١١ کۆبوونەوەیەکی بەرفرەوان لە نێوان لیستی برایەتی نەینەوا و لیستی برا مەسیحیەکان و چەند ئەندام پەرلەمانێکی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و بەرپرسی یەکە ئیدارییەکانی ئەو ناوچە دابڕێنراوانە ئەنجامدرا، لەم کۆبوونەوەیەدا یاداشتنامەیەك گەڵاڵەکراوە کەدواتر پێشکەشی هەر سێ سەرۆکایەتی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی عێراقی دەکەین، هاوکات وێنەیەکیشی بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان دەدەین، لەم یاداشتنامەیەدا داوامان کردووە، بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان پەسند نەکرێت تاوەکو بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای موسڵ بەشێوەیەکی یاسایی و دادپەروەرانە دابەش دەکرێت، هەروەها داوامان کردووە کە لیژنەیەك لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و وەزارەتە پێوەندارەکان پێکبهێنرێت بۆ سەرپەرشتی کردن و چۆنیەتی دابەشکردنی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای موسڵ، چونکە ئێستا ئێمە ناوچەیەکی دابڕێنراوین و لەئیدارەی موسڵ بایکۆتمان کردووەو

### لە هەموو شێخان تاکە یەك ئوتێل و مۆتێل نییەو تەنیا دوو چێشتخانەی زۆر سادەو بچوکی تێدایە

## ئەمساڵ لە جەژنی جەماد لە ماوەی ٧ڕۆژدا (٦٥ تا ٨٠)هەزارکەس سەردانی لالشیان کردووە

دەسەڵاتمان لەناو ئیدارەی موسڵ نییەو کەسیش نییە لەسەر هەقی ئێمە قسە بکات و بێتە وەڵام، بە ئارەزووی خۆیان بودجە بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان تەرخان دەکەن.

لە لایەکی ترەوە ئەو بودجەیەی کە بۆ ئێمە تەرخان دەکرێت نایەتە لای ئێمەو نایبینین، بەڵکو لە لای ئیدارەی موسڵەوە پرۆژە دیاری دەکەن و بەشێوەی تەندەر بە بەڵێندەرێکی لای خۆیانی دەدەن و لە پاشان بەڵێندەرەکەش بە بەڵێندەرێکی تری دەفرۆشێتەوە، واتە پارەکە ئەم دەست بۆ ئەو دەستی پێ دەکەن.

### ئاوارەبوونی خەڵکی لە موسڵەوە بۆ شێخان

سەبارەت بە ئاوارەبوونی خەڵك لە شاری موسڵەوە قایمقامی قەزای شێخان وتی: لەبەر توندوتیژی و کردەوە تیرۆرستییەکانی لە ناو موسڵدا ڕوودەدەن ئاوارەبوونی خەڵکی لە موسڵەوە بۆ سەنتەرو سنووری قەزای شێخان هەر بەردەوامەو زیاتر لە ١٣هەزار کەسی سەر بە برایانی مەسیحی و ئێزیدی و شەبەك و خەڵکی تر ئاوارەبوون و هاتوونەتە قەزای شێخانەوە، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە هاریکاری ئەوانە بکەین و لە هەموو بوارەکانی خزمەتگوزاریدا خزمەتیان بۆ دابین بکەین، چونکە ئێستاکە لە موسڵ ژیانی تەناهی بۆ ئێزیدی و مەسیحی و شەبەك بوونی نەماوە، لەمبارەیەشەوە ڕاسپاردەمان هەیە لەلایەن جەنابی سەرۆك بارزانی و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان و پارێزگاری دهۆك کە هەموو ئاسانکاری و هاوکارییەکیان پێشکەش بکەین و کەشێکی ئارامیان بۆ برەخسێنین، سەرەڕای ئەوانەش پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە ئاوارەکان بارێکی قورسن لەسەر کارویش و خزمەتگوزارییەکانی قەزای شێخان.

### بەرزبوونەوەی ژمارەی گەشتیاران

سەبارەت بەوەی کە ساڵانە سەردانێکی زۆری گەشتکارانی ئاینی بۆ سنووری قەزای شێخان و بۆ پەرستگای لالش و مەزارگەکانی ئێزیدیان هەیە، چۆن ئەمە ڕێکخراوەو هەوڵدراوە بکرێتە لایەنێکی گەشتوگوزاریی ئاینی ئێزیدی، قایمقامی قەزای شێخان وتی: بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوو جار سەردانی پەرستگای لالشی کردووە، لەسەردانی یەکەمدا باروودۆخ و گوزەرانمان زۆر خراپ و ناخۆش بوو و هیچ ئیمکانیاتمان نەبوو، ئەو کات جەنابی سەرۆك بارزانی وتی(ئەگەر پێمانکرا ئەو پەرستگای لالشە دەکەینە نموونەیەك و گرنگی و بایەخێکی تایبەتی و باشی پێ دەدەین و ئاوەدان و نۆژنی دەکەینەوە بە شێوەیەك کە ڕەچاوی پاراستنی شوێنەواری کۆن و تایبەتمەندی ئاینی ئێزیدی بێت) پاشان لەسەردانی دووەمی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ پەرستگای لالش لەسەر بڕیارو ڕاسپاردەکانی، ماستەرپلانی لالش بە کۆمپانیای ڤۆیسینگی ئەڵمانی دراوەو ٨٥٠هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکراو ئێستاکە ماستەرپلانەکە تەواوبووەو داوامانکردووە ساڵانە ٤تا٥ ملیۆن دۆلار تەرخان بکرێت بۆ جێبەجێکردنی پێکهاتەو ناوەڕۆکی ماستەرپلانەکە، تاوەکو پەرستگاکە بتوانێ بەپێی پێویست پێشوازی لە گەشتیارانی بکات، بەتایبەتی لە ئێزیدیەکانی هەموو دنیا، چونکە ئەو پەرستگایە تاقانە پەرستگای ئێزیدیە لەسەر ئاستی هەموو جیهان و لە هەموو وڵاتانی دنیاوە ئێزیدیەکان سەردانی لالش دەکەن، بەتایبەتی لە بۆنەو جەژنەکاندا، بەڵام ئێستا پەرستگای لالش بۆ پێشوازیکردنی خەڵك و گەشتیاران بەپێی پێویست نییەو شوێنەکەی زۆر بچوکەو تەسکەو توێڵ و مۆتێل لە قەزای شێخان بوونیان نییە، لەلایەکی ترەوە هەندێ جاریش خەڵکی خۆمان هاریکاری گەشتیارەکان ناکەن، ئەمەیش کێشەو گرفتێکی ترە، هەرچەندە ئێمە وەکو حکومەت ساڵانە لە وەرزی بۆنەو جەژنەکان لە هەموو بوارەکانی خزمەتگوزاریی و پاراستنی هێمنی و ئاسایش لە ئامادەباشیداین.

**غەدرلێکردنێکی دووسەرە**

## جەنابی سەرۆك بارزانی لە دوا سەردانی بۆ لالش بڕیاریدا کە ماستەرپلانێك بۆ پەرستگای لالش ئەنجام بدرێت و بودجەیەکی زۆریش بۆ تەرخانکرد

سەبارەت بەوەی کە ئێزیدیەکان لە عێراق دوو زوڵمیان لەسەر بووە، زوڵمێکی نەتەوەیی کە کوردن و وەکو ئاینیش کە ئێزیدین، قایمقامی قەزای شێخان وتی: ئێزیدیەکان و ئەو ناوچانە کە تێدا ژیاون لە لایەن ڕژێمەکانی عێراقەوە دوو زوڵمیان لەسەر بووە لە ڕووی نەتەوەیی کە کوردن و لەلایەنی ئاینیش کە ئێزیدین، ئەو زوڵمەش بە تایبەتی زوڵمی ئاینی ئێستاکەش لە هەندێ شارو شوێنی عێراق بەنموونە وەکو موسڵ درێژەی هەیە. هەر بۆیەش کۆچکردن و ئاوارەبوون لەم شارو شوێنانە بەرەو هەرێمی کوردستان بەردەوامی هەیە. چونکە هەرێمی کوردستان شوێنی پێکەوەژیانی ئاینی و نەتەوەیی و لێبوردەییەو وەکو هەموو پێکهاتەکانی تر و ئاین وئاینزاکانی تریش ئیعتراف بە ئیزیدیەکان کراوە و لە حکومەت و پەرلەمان و هەموو دامودەزگاکانی ئیداری ئێزیدی کار دەکەن و وانەی ئاینی ئێزیدی لە ناوچەو شوێنەکانی ئێزیدیەکان لە قوتابخانەکان دەخوێندرێت و دەتوانم بڵێم ئێزیدی ئێستاکە لە کوردستان خاوەن بڕیارن و لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی بەشدارن و بۆنەو جەژنەکانی ئێزیدی زۆر بەئاسایی دەکرێن. لەلایەکی ترەوە بەپێی ماددەیەکی یاسایی کە لە دەستووری عێراقدا بۆ کەمینە ئاینی و ئاینزاکان هەیە کە هەر یەکە یاسایەکی باری کەسێتی خۆیان هەبێت، بۆ ئەو مەبەستە ئێستا ئێمە وەکو جڤاتی ڕۆحانی ئێزیدی پرۆژە یاسایەکی باری کەسێیەتیمان پێشکەش بە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کردووەو چاوەڕوانین لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە گفتوگۆ بکرێت و لەپاش پەسندکردنی ئەوە ئیتر ئێزیدی دەبن بەخاوەنی یاسای باری کەسێیەتی خۆیان لە هەرێمی کوردستان.

### کەمی خزمەتگوزاری

سەبارەت بەوەی کە سنووری قەزای شێخان خاوەن ڕووبەرێکی بەرفراوانی کشتوکاڵییە کەچی یەك سایلۆی هەیەو ئەم سایلۆیەش توانای وەرگرتنی هەموو دانەوێڵەی سنوورەکەی نییە، قایمقامی قەزای شێخان وتی: سایلۆی شێخان ئەگەر تەنیا بۆ بەرووبوومی گەنم و جۆی سنووری شێخان بوایە باشبوو، بەڵام ساڵانە گەنم و جۆی سنووری ئاکرێ و بەردەڕەش و ئەلقوش و فایدەو چەند شوێنێکی تری دەوروبەری موسڵ ڕوودەکەنە ئەم سایلۆیە و بە درێژایی زیاتر لە ١٠کیلۆمەتر لۆری و ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرتنی تر کە گەنم و جۆیان بارکردووە نۆرە دەگرن و قەرەباڵغیەکی زۆر لەسەر ڕێگا سەرەکییەکەی نێوان هەولێر و دهۆك دروست دەکەن و قورساییەکی زیاد لە تواناش دێتە سەر سایلۆیەکە، ئەو سایلۆیە توانای وەرگرتنی ٦٠هەزار تەن دانەوێڵەی هەیە،کەچی ساڵانە زیاتر لە ١٠٠هەزار تەن گەنم و جۆ ڕوو لەم سایلۆیە دەکات، بۆیە پێویستە سایلۆی شێخان بەرفراوانتر بکرێت و گۆڕەپانی هەڵڕشتن و جیاکردنەوەی گەنم و جۆی زیاتری بۆ دروست بکرێت.

هەروەها تا ئێستا لە سنووری قەزاکە هیچ پرۆژەیەکی ئاودێری نییە، داواکارین لە وەزارەتی پێوندار، ساڵانە بە بەرنامەو پلانێکی زانستی و دیراسەکراوەوە پرۆژەی ئاودێری بۆ سنوورەکە ئەنجام بدات، بۆ سەرکەوتنی پرۆژەی کشتوکاڵی و ئاودێریش پێویستە لەسەرەتادا سەرچاوەیەکی ستراتیژی ئاو دابین بکرێت، چونکە ساڵ لە دوای ساڵ وشکە ساڵی کاریگەری زۆرتر و مەترسیدارتری لەسەر کشتوکاڵ و بەرووبووم هەیەو بەتایبەتی بەرووبوومی بەراو بەرەو لە ناوچوون دەچێت، هاوکات لە قەرزی کشتوکاڵیش کە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان دەدرێت هەموو سنووری شێخان لێی سوودمەند نابێت، بەڵکو بەشێك لە جوتیارانی سنوورەکە دەتوانن ئەم قەرزە وەربگرن، ئەمەش لەبەر ماددەی ١٤٠ی دەستوورە، بۆیە لێرەدا داواکارین لە وەزارەتە پێوندارەکانی حکومەتی هەرێم نەك تەنیا لە قەرزی کشتوکاڵ بەڵکو لە پێشینەی خانووبەرەو هاوسەرگیریش هاوکاری و ئاسانکاری بۆ ئەو ناوچە دابڕێنراوانە بکەن، چونکە ئەو ناوچانەش

## لەبەرنەبوونی قوتابخانە ویستمان چەند قوتابخانەیەك تێکەڵاوی یەکتر بکەین

## سەنتەری قەزای شێخان نەخۆشخانەیەکی کۆنی هەیە، ناتوانێت خزمەت بە نەخۆش بکات

بەشێکی گرنگ و زیندووی هەرێمی کوردستانە، هەروەها حکومەتی هەرێم ماوەیەکە خەریکی دانان و دروستکردنی کۆگایەکی ساردکەرەوەیە لە سنووری قەزای شێخان بۆ ئەوەی جووتیاران بتوانن بەروبوومی سەوزەو میوەی تێدا هەڵبگرن، بەڵام ئەو کۆگایە بەشی لە٦٠٪ی بەرووبوومی جووتیارانی سنوورەکە دەکات، داواکارین چەند ساردکەرەوەیەکی تریش لە سنوورەکە دروست بکەن بۆ ئەوەی جوتیاران زیاتر سوودمەندبن..

### گرفتی ئاوی خواردنەوە

بەپێی ئەو کەسانەی قسەیان بۆ کردین لە سەنتەری قەزای شێخان هەندێ جار تووشی کەم ئاوی و گرفتی نەبوونی ئاوی خواردنەوە دەبنەوەو بە هەمان شێوە لە ناحیەو گوندەکانیش ساڵ لە دوای ساڵ گرفتی ئاوی خواردنەوە زیادی کردووە، بەتایبەتی لەم دوو ساڵەی دواییدا لەمبارەیەوە قایمقامی قەزای شێخان وتی: سەنتەری شێخان و هەموو سنوورەکە لە ڕێگای پڕۆژەی بیرەکانەوە ئاوی خواردنەوەی بۆ دابینکراوە، لەم ساڵانەی دوایی بە هۆی وشکە ساڵییەوە ئاستی ئاوی بیرەکان زۆر دابەزیوە بەتایبەتی لە گوندەکان، بۆیە ئێستا پێویست بەوە دەکات بیری تر لێ بدرێت یا ئەو بیرانەی هەیە چەندین مەتری تر هەڵبکەنرێن، هەروەها پێویستە بۆ سەنتەری قەزاو ناحیەکانی سنوورەکە پڕۆژەیەکی ستراتیژی ئاوی خواردنەوە ئەنجام بدرێت، چونکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قەزاو ناحیەکان زیاتر قەرەباڵغ دەبن، زیاتر پێویستیمان بە ئاوی خواردنەوە دەبێت و بە پڕۆژەیەکی ستراتیژی دەکرێت بۆ ماوەی ٢٥ تا ٣٠ ساڵی تر بە هیچ شێوەیەك تووشی کەم ئاوی و گرفتی نەبوونی ئاوی خواردنەوە نەبین، هاوکات لە سنووری قەزای شێخان و بەتایبەتی لە گوندەکاندا پێویست بەوە دەکات تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە زیاتر بکرێت، تاوەکو ئاوەکە باشتر بە هەموو گەڕەك و کۆڵان و ماڵەکان بگات..

سەبارەت بەئاوەڕۆو کۆنکرێت و قیرتاوکردنی کۆڵان و شەقامەکانی ناو گەڕەکەکان و سەنتەری قەزاو ناحیەکانی سنووری قەزای شێخان قایمقامی قەزای شێخان وتی: ئەو کارو پڕۆژانەی لەماوەی ڕابردوو لە سنووری قەزای شێخان ئەنجام دراون، هەر هەموویان لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای دهۆك بوون، بەڵام ئێستا لەهەموو بوارەکانی خزمەتگوزارییەوە کەموکوڕی و گرفت لە سەنتەری قەزاو سنوورەکەدا بوونی هەیە، هەر بۆیەش هاووڵاتیانی سنوورەکە گلەیی و گازاندەی خۆیان دەخەنەڕوو بۆ نموونە لە سەنتەر و گەڕەکەکانی ناحیەی کەڵەکچی ٣٠ کیلۆمەتر کۆنکرێت و قیرتاوی دەوێت و هەندێ لە شەقام و کۆڵانەکانی گەڕەکەکانی سەنتەری قەزاکە پێویستیان بەکۆنکرێت و قیرتاوکردن هەیەو زۆربەی گوندەکانی سنوورەکە ڕێگاوبانەکانیان زۆرخراپن و بێ سەروبەرن و هەندێ گوندیان هەر ڕێگای بۆنەچووەو خەڵکەکە لەهاتوچۆکردندا تووشی ماندووبوون و زەحمەتییەکی زۆر دەبنەوە، لێرەدا داواکارم لەلایەنی پێوەندیدار ڕێگا بۆ ئەو گوندانە دروست بکەن، تاوەکو هاووڵاتیان بتوانن بەروبوومە کشتوکاڵیەکانیان بهێننە شارو شارۆچکە و بازاڕەکانەوە.

### ساڵانە پێویستمان بە دروستکردنی قوتابخانە هەیە

سەبارەت بەبواری پەروەردەو کەمی بینایەی قوتابخانەو میلاکاتی مامۆستا لە سەنتەری قەزاو ناحیەو سنوورەکەدا قایمقامی قەزای شێخان وتی: لە سەنتەری قەزاو ناحیەو گوندەکانی سنوورەکە پێویستیمان بە قوتابخانە هەیە، ئەمساڵ لەسەنتەری قەزادا لەبەرنەبوونی قوتابخانە ویستمان چەند قوتابخانەیەك تێکەڵاوی یەکتر بکەین، لەناحیەی کەڵەکچی پێویستمان بە قوتابخانەیەکی ١٨ پۆلییە، چونکە ژمارەی دانیشتووانی ئەو شارۆچکەیە زیاتر لە ٣٠ هەزار کەسەو ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵەکانیان ڕوو لەخوێندن دەکەن و ساڵ لە دوای ساڵیش خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێدەکەن و قەرەباڵغتر دەبێت، هاوکات زۆربەی گوندەکان پێویستیان بە قوتابخانە هەیەو هەندێ لە گوندەکانیش پێویستیان بە دواناوەندی یا ئامادەییە، هەروەها لەڕووی میلاکاتی مامۆستاشەوە کەموکوڕیمان زۆرە بەتایبەتی لە مامۆستای وانە زانستیەکاندا..

### پێویستمان بە نەخۆشخانەیەکی قەرەوێڵەیی هەیە

سەبارەت بە بواری تەندروستی و کێشەو گرفتەکان لە سنووری قەزای شێخان قایمقامی قەزای شێخان وتی: سەنتەری قەزای شێخان نەخۆشخانەیەکی کۆنی هەیەو بەپێی پێویست ناتوانێت خزمەت بە نەخۆش و هاووڵاتیانی سەنتەری شارۆچکەکەو سنوورەکە بکات، ئەم نەخۆشخانەیەش لە لایەن ئیدارەی موسڵەوە سەرپەرشتی دەکرێت، لە چەندین لایەنەوە کەموکوڕی بەدی دەکرێت، ئێستا قەزای شێخان بەپێی ژمارەی دانیشتووان و بنەماکانی تر پێویستمان بە نەخۆشخانەیەکی قەرەوێڵەیی هەیە، لێرەدا داواکارین لە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەخۆشخانەیەکی هاوچەرخ و قەرەوێڵەیمان بۆ دروست بکات، لەلایەکی ترەوە گوندەکانمان لەبواری تەندروستی زۆر بێبەشن و پێویستە بە زووترین کات بەچەند گوندێك بنکەیەکی تەندروستیان بۆ دروست بکرێت.

## ئێستاکە لە موسڵ ژیانی تەناهی بۆ ئێزیدی و مەسیحی و شەبەك بوونی نەماوەو بە دەربەدەربوونی ئەوان باری شانی شێخان قورستر بووە




### لە دامەزراندن غەدرمان لێکراوە

سەبارەت بەدامەزراندن و کەمی ئامێرەکان قایمقامی قەزای شێخان وتی: لە دامەزراندنی ئەمجارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر غەدر لە قەزای شێخان کراوە، چونکە ژمارەیەکیان بۆ دامەزراندوین جگە لە میلاکاتی مامۆستا ئەوەش لەلایەن خەڵکەوە بۆتە جێگای ڕەخنەو نازانین هۆکارەکەشی چییە، لەبەرئەوەی سنوورەکەی ئێمە بەرفرەوانەو دەرچووی زانکۆو پەیمانگاو ئامادەییمان زۆرن، پێویست وا بوو وەکو هەموو قەزاو ناحیەکانی تر حیسابیان بۆ بکردینایە نەك وەکو ئێستا کە تەنیا کەمتر لە٢٠کەسیان بۆ دامەزراندوین.

سەبارەت بە ئامێرەکانیش ئێمە وەکو شارەوانی کەموکوڕیمان زۆرەو ئەوەی هەیە لەگەڵ پێداویستی و ئیشوکارەکانی شارۆچکەکەو داواکاری خەڵکەکە نییە، ئێستا تەنیا شۆفەڵێك و گرێدەرێکمان هەیە، ئەمانەش شارەوانییەکانی دهۆك پێیانداوین، کرێکارو کارمەندیشمان کەمەو کەموکوڕیمان لە بینایەو بودجەدا هەیە، داواکارین لە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو ناوچە دابڕێنراوانەی ئەم سنوورە بکاتە ئیدارەیەکی سەربەخۆی سەر بە هەرێمی کوردستان و پێویستە حکومەتی هەرێم بودجەیەکی تایبەتی بۆ ئەم سنوورە تەرخان بکات، بەمشێوەیە دەتوانرێت گرنگیەکی تایبەت و زۆر بە ناوچەکە بدرێت و ئێمە چاوەڕوانی ماددەی ١٤٠ نەکەین، لەلایەکی ترەوە پێویستە حکومەتی هەرێم پێداچوونەوەیەك لە دابەشکردنی بودجەکەی ئەمساڵی خۆی بکاتەوە بەتایبەتی بۆ هەموو ناوچە دابڕێنراوەکان، چونکە بودجەی هەرێم ئەمساڵ نزیکەی ١٤ تریلیۆنە، لەم بودجە گەورەیە تەنیا ٧٠ ملیار دینار بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان تەرخانکراوە کە ڕێژەکەی دەکاتە لە١./ی هەموو بودجەکە، ئەمەش بەپێی ڕێژەی دانیشتووان و ڕووبەری ناوچە دابڕێنراوەکان زۆر کەمە کە ناوچەکە لە ٤٠./ی هەموو ڕێژەی هەرێمی کوردستانە.

لە کۆتاییدا قایمقامی قەزای شێخان وتی: داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان باخچەیەکی گەورەو شاری یاری و یاریگایەکی وەرزشی شیاو بۆ سەنتەری قەزای شێخان دروست بکەن و سیانەی تۆڕی دابەشکردنی ئاوی سەنتەری قەزاو سنوورەکە بخەنە بەرنامەی داهاتوویانەوە. هەروەها داواکارم لەهەموو خەڵکی شێخان و سنوورەکە کە گیانی برایەتی و پێکەوە ژیان و لێبوردەیی بپارێزن و پەیامی جەنابی سەرۆك بارزانی جێبەجێ بکەین و هەموومان ئەو پەیامەی بەڕێزیان بۆ واقیع تەرجەمە بکەینەوە تاوەکو ئەو یەکێتی و پێکەوە ژیانە لەگەڵ یەکتر بپارێزین، چونکە ئەوە زەمانەتە بۆ پاراستی دەستکەوتەکانمان.



بابە شێخ خرتو حاجی ئیسماعیل مەرجەعی ئایینی گشتی ئێزیدیان:

## لە جێبەجێکردنی پرۆژەی پەرستگای لالش داواکارم لیژنەیەکی تایبەت لە سەرۆکایەتی هەرێم دابنرێت و سەرپەرشتی و بەدواداچوون لەسەر کارو ئیشەکان بکات

### بە پرۆگرامکردنی خەسڵەت و تایبەتمەندی ناوچەکە

هەروەها بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ماستەرپلانی پەرستگای لالش و گەیشتنی پرۆژەکە بە چ قۆناغێك و بۆ ئەوەی بزانین بەتەواوبوونی پرۆژەی لالش تا چەند گەشتیاریی لە ناوچەکانی سەر بە ئاینی ئێزیدی بەرەوپێش دەچێت بۆ ئەوەی بزانین داخۆ ئاینی ئێزیدی لە ناوچەکانی ئێزیدیەکان بۆتە پرۆگرامی خوێندن و بۆ چەند پرسی تریش بابە شێخ خرتو حاجی ئیسماعیل کە مەرجەعی ئایینی گشتی ئێزیدیانە وتی: جەنابی سەرۆك بارزانی لە دوا سەردانی بۆ لالش بڕیاریدا کە ماستەرپلانێك بۆ پەرستگای لالش ئەنجام بدرێت و بودجەیەکی زۆریشی بۆ تەرخانکرد، بەڵام تا ئێستا کە زیاتر لە هەشت مانگە کۆمپانیایەکی ئەڵمانی بە ناوی ڤۆیسینگ خەریکە و ئەنجامێکی وای لێ بەدەرنەکەوتووە، بەڵکو تەنیا لەسەر کۆمپیوتەر نەخشە و چەند پلانێکیان داڕشتووە، بەڵام وەکو کاری پراکتیکی هیچ نەکراوە، لێرەدا پێویستە بڵێین ئەگەر ئەو ماستەرپلانە ببێتە پرۆژەو بەشێوەی ڕاستەقینە جێبەجێ بکرێت ئەوە پرۆژەیەکی گەورەو گرنگ و ستراتیژییە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانرێت پێشوازی لە ژمارەیەکی زۆر گەشتیاری ئاینی ئێزیدی بکرێت بەتایبەتی لە جەژنەکان و بۆنە ئاینیەکانمان و بۆ ئاگاداربوون لە ماستەرپلانەکەو جێبەجێکردنی پرۆژەکەی پەرستگای لالش داواکارم لیژنەیەکی تایبەت لە سەرۆکایەتی هەرێم دابنرێت و سەرپەرشتی و بەدواداچوون لەسەر کارو ئیشەکانی لالش بکات، لەڕاستیدا ئەوبڕیارو پرۆژەیە لە دڵسۆزی و خەمخۆری جەنابی سەرۆك بارزانی بوو بۆ ئێمەو بۆ ئاینی ئێزیدیان و دووبارەی دەکەمەوە بە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە لە کۆمەڵێك کێشەو گرفتی وەکو شوێنی حەوانەو پێشوازی میوانان و نانخواردن و..تاد ڕزگارمان دەبێت، چونکە ساڵانە خەڵکێکی زۆر لە بۆنەو جەژنەکان بەتایبەتی لە جەژنی جەماد کە ٧ڕۆژە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و سەرتاسەری دنیا سەردانی پەرستگای لالش دەکەن، هەر بۆ نموونە ئەمساڵ لە جەژنی جەماد لە ماوەی ٧ڕۆژەکەدا (٦٥ تا ٨٠) هەزارکەس سەردانی لالشیان کرد، بەڵام لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە کێشەمان زۆرە، لەو کێشانە لە هەموو شێخان تاکە یەك ئوتێل و مۆتێل نییە و دوو چێشتخانەی زۆر سادەو بچوك هەیە، هەروەها لە لالش کێشەی کەم ئاوی هەیە، چونکە هەموو سنوورەکە بەهۆی وشکە ساڵییەوە ئاستی ئاوی بیرەکانی دابەزیوە، بۆیە لێرەدا پێویستە پێش هەموو کارو ئیشێك بیر لە پرۆژەیەکی ستراتیژی ئاوی خواردنەوە بکرێتەوە بۆ پەرستگای لالش.

هەندێ جار زوڵمیش دەبینین، هەر بۆ نموونە لە ڕێبەری پەیمانگای تەکنیکی شێخان کە لەم ماوەیە چاپکراوە، باسی لە چەند شوێنەوارێك کردووە هەر وەکو خنس، بەڵام کە دەزانین لالشیش زۆر کۆنەو لە مێژوودا ناوی هەیەو لە ساڵی ٨٢٦ی پێش زاینی پەرستگای خۆریەکان بووە لەو ڕێبەرە ئاماژەیان پێ نەکردووە، لێرەدا داواکارم بۆ ئەوەی زیاتر گیانی تەبایی و برایەتی و لێبوردەیی هەبێت، پێویستە ڕێز لە کەلتور و دابونەریتی یەکتر بگرین و داواکارم و داوای خەڵکی ئێمەشە کە پێویستە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و ڕەشنووسی دەستووری هەرێم یاسا یان ماددەیەك هەبێت کە باس لە پاراستنی ئێزیدیەکان بکات. لەلایەکی تر ئێستا ئاینی ئێزیدی لە سنوورەکەمان وانەیەکە لە قوتابخانەکان دەخوێندرێت.



# ئەگەر بە زوویی ئاوەڕۆکان پاکنەکرێنەوە مەزەندەی ڕوودانی لافاو دەکرێت





سروود عەبدولمەجید بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی هەولێر بۆ(گوڵان):

# هەولێر ئاوەڕۆی ئاوی قورس و وێستگەی پاڵاوتنی نییە

**سەبارەت بە گرفتی نەبوونی ئاوەڕۆی قورس لە هەولێرو ئەگەرەکانی کەوتنەوەی مەترسی لافاوو پیسبوونی ژینگەو خراپ بوونی باری تەندروستی هاووڵاتیان و چۆنیەتی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ئاوەڕۆو زۆر مەسەلەی پێوەنداری گرنگی تریش، وەك گۆڤاری گوڵان سەردانی بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی پارێزگای هەولێرمان کردو راستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکانی داینەوەو پوختەی وەڵامەکانی لەم راپۆرتەدا بڵاودەکەینەوە.**

**ڕێژەی کۆبوونەوەی ئاو لە ناو شار زیاتر بووە**

سەرەتا سەبارەت بە ئەگەرەکانی کەوتنەوەی لافاو لەشاری هەولێر سروود عەبدولمەجید بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی پارێزگای هەولێر وتی: ئەو سیستەم و تۆڕی ئاوەڕۆیانەی لەناو شاری هەولێر هەیە تەنیا بۆ ئاوەشۆڕکردنی ئاوی بارانە، واتا بۆ ئاوی قورس نییەو بۆ ئاوی قورسیش دەست نادات، تا ئێستاش لە هەولێر ئاوەڕۆی ئاوی قورس دروست نەکراوە، هەر بۆیە کێشەکە لێرەدا سەرهەڵدەدات، چونکە جگە لەئاوی باران بەناچاری لەزۆربەی گەڕەك و ناو شاری هەولێر ئاوی گەرماوو چێشتخانەی ماڵەکان و لە هەندێ گەڕەك و شوێنیش ئاوی قورسیش دێتەوە ناو تۆڕی ئاوەڕۆکەی باران، هەرچەندە لە ساڵی ٢٠٠٠ کە بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆیەکان بۆ یەکەمجار لە شاری هەولێر دامەزراو ساڵانە بە سەدان کیلۆمەتر ئاوەڕۆی باران لەسەر بودجەی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارو پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر دروستکراوەو، بەپێی تۆبۆگرافیای هەولێر ئاوەڕۆیەکان درێژکراوەتەوە بەرەو خوارووی شاری هەولێرو بە کەندی هەولێردا دەڕوات و لەوێشەوە بەرەو تورەق و خوار تورەق دەچێت، ئەگەر هاتوو ئەو پرۆژە ئاوەڕۆیانەی لە ساڵانی ٢٠٠٠ تا ئێستا ئەنجام نەدرابوایە، ئەوە ئەو کێشانەی ئێستا ڕووبەڕووی هاووڵاتیان دەبێتەوە زۆر گەورەترو زیاترو مەترسیدارتر دەبوون، چونکە شاری هەولێر لەم چەند ساڵەدا گەورەبوون و بەرفراوانیەکی زۆری بەخۆوە دیوە، ئەمەش وا دەکات ڕێژەی کۆبوونەوەی ئاو لە ناو شار زیاتر بێت و هەندێ ساڵیش ڕێژەی باران بارین زۆر زیاترە، هەندێ بارانیش هەیە زۆر بەخوڕەو لەماوەیەکی زۆر کورتدا ڕێژەیەکی زیاد لە چاوەڕوانکراو باران دەبارێت و سەرتاپای شەقام و کۆڵانەکان دادەپۆشێت، ئەم بارانە بەخوڕانە لە هەر وڵاتێکی دنیا بێت، ئەوە دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی ئاوێکی زۆر لەسەر شەقام و کۆڵانەکانی ناو شار، چونکە ئاوەڕۆکان لەو کاتانەدا پێویستیان بە کاتە بۆ ئاوەشۆرکردنەکە، لێرەدا ئەگەری لافاو





دێتە پێشەوە بەتایبەتی لەبەر ئەوەی زبڵوخاشاك کونی ئاوەڕۆیەکانی گرتووەو ئاوەکە ناڕوات، ئەمەش یەکێکە لەو کێشانەی ساڵانە ڕووبەڕووی ئێمە دەبێتەوە، بەڵام لەوکاتانەدا دەبێت ئێمە چی بکەین و چیمان پێ دەکرێت بۆ ئەوەی وابکەین ئاو لە شەقامەکان کۆنەبێتەوە، ئەویش بە لابردنی بەربەستەکان و پیسی و زبڵ و پاشماوەکانە کە پێشتر لەکاتی باران نەبارین لە وەرزەکانی تر دەچنە ناو ئاوەڕۆکان، ئەوەش لە ئەنجامی ئەوەیە کە هاووڵاتیان زبڵوخاشاکی ڕۆژانەی ماڵەکانیان یا ئەو پاشماوانەی لە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی خانووبەرەکانیان بەکاریدەهێنن کۆناکەنەوە و فڕێیدەدەنە ناو کۆڵان و سەرشەقامەکان، هاوکات ئەو کۆمپانیانەی گەڕەك و ناو شاری هەولێر لە زبڵوخاشاك پاك دەکەنەوە بەپێی پێویست بە کارو ئەرکەکانیان هەڵناستن، لەو کاتەدا نەك تەنیا کونی ئاوەڕۆیەکان، بەڵکو لە هەندێ کۆڵان و شەقام و شوێن ئەو کونانەی ئاوی لێ دەچێتە ناو ئاوەڕۆیەکان سەر قەپاخەکانیان نەماوەو کونەکانیش بە تەواوی پڕبۆتەوەو لە هەندێ جێگای لە ناو ئاوەڕۆیەکانیش بەربەست دروست دەبێت و ڕێگا لە ڕۆیشتنی ئاوەکە بە تەواوی دەگرێت، لە

**کاتێك بارانێکی بەخوڕ دەبارێت و زبڵوخاشاك کونی ئاوەڕۆیەکان دەگرێت مەترسی ئەگەری لافاو دێنێتە پێشەوە**

ئەنجامدا لە چەند خولەکێکدا ڕێژەیی ئاو لە شەقام و کۆڵانەکان زیاد دەکات و لە هەندێ گەڕەك و شەقام دەبێتە هۆی لافاو، بۆ ئەوەی تووشی ئەم حاڵەتە نەبین، ساڵانە ئێمە لە پێش وەرزی باران بارین دەست دەکەین بە کارو پڕۆسەی پاککردنەوەی کون و ناوەوەی ئاوەڕۆیەکان و لابردنی بەربەستەکانی ناو ئاوەڕۆیەکان کە لە ئەنجامی فڕێدانی زبڵوخاشاك دروست بوون، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێت هاووڵاتیان هاوکارمان بن، پێویستە ئەوەش بزانین کە پڕۆسەی فڕێدانی زبڵوخاشاك و پڕۆسەی ئاوشۆرکردنی ئاوەڕۆیەکان هەردوو یەکن، چونکە بە کۆبوونەوەی زبڵوخاشاك لەسەر شەقام و کۆڵانەکان بە یەك ڕێژنەی باران هەموو ئەو پاشماوانە دەچنە ناو ئاوەڕۆیەکان و لە پێش چاوانە کە ڕۆژانە زبڵوخاشاك فڕێ دەدرێتە سەر شەقام و کۆڵانەکان و لە پاشان دەچێتە ناو ئاوەڕۆیەکان، هەرچەندە تیمەکانمان لەگەڵ کەمی کارمەند و کرێکارو ئامێرەکان هەڵدەستن بە پاککردنەوەی کون و سەری ئاوەڕۆیەکان و تێکشکاندنی ئەو بەربەستانەی کە لە ناو ئاوەڕۆیەکان دروستبووە. هەروەها هۆکارێکی تر کە کاریگەری لەسەر ئێمەو کارە خزمەتگوزاریەکانی تریش هەیە، ئەو گەورەبوونە زۆرەی شاری هەولێرە کە کارە خزمەتگوزارییەکان ناتوانێ بەهاوتەریبی لەگەڵی بڕوات، هەروەها تۆڕی ئاوەڕۆی ئاوشۆری هەولێر لە هەر شوێن و گەڕەکێك بە شێوەی جیاجیا کراوەو بە پێی تۆبۆگرافیای شوێن و گەڕەك و شەقامەکان دروست کراوە و ئاو لە هەموو ئاوەڕۆیەکەوە بە تاودان دەڕوات، پەمپ لە هیچ شوێنێك بەکارناهێنرێت تەنیا لە ئەندرپاسەکان نەبێت، ئەمەش سیفەتێکی باشە لە سیستەمی ئاوەڕۆدا و ناتوانرێت لە ئاوەڕۆی باران لوولە یان سندوقی تیرە گەورە لە هەموو شوێنێك دابنرێت، چونکە بەدرێژ بوونەوەی ئاوەڕۆ تیرەکان زیاتر دەبن، ئەوەش دەگاتە ئاستێکی نەشیاو و بودجەو خەرجی و ئیمکانیاتی زۆری دەوێت و ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت. هەر بۆیە ئاوەڕۆیەکانی هەولێر لە سەرەوە بە یەك مەتری و کەمتر دەستی پێکردووە لەسەر ٦٠ مەتری زیادی کردووە تا لەکۆتایی شار گەورەبووەو بۆتە لوولەیی تیرە گەورە یا سندوقی سێ مەتر بە سێ مەترو نیویی، بەڵام کێشەمان لەگەڵ هەندێ لە ئاوەڕۆ کۆنەکان هەیە کە پێویستیان بە گۆڕین و فراوانکردن و نۆژەنکردنەوە هەیە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم قۆناغەی ئێستای شاری هەولێر بگونجێت.

## پڕۆژەی ماستەرپلانی ئاوەڕۆی ئاوی قورس لە هەولێر

سەبارەت بە جێبەجێ نەکردنی ماستەرپلانی ئاوەڕۆی هەولێریش کە ئەویش وەکو کەمپی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر و شەمەندەفەرەکەی سلێمانی لێهاتووە، بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی پارێزگای هەولێر وتی: چەند ساڵێك پێش ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستا بە واژووکردنی کۆنتراکتێك لەگەڵ کۆمپانیای ڤۆیسینگی ئەڵمانی بۆ پڕۆژەی ماستەرپلانی ئاوەڕۆی ئاوی قورس، کە ئەو دیزاینەش بەپێی بەرفراوان بوونی شاری هەولێرە تا ساڵی ٢٠٣٥ کێشەی ئاوەڕۆ چارەسەر دەکات، کۆمپانیای ناوبراو هەستاوە بە دروستکردنی ماستەرپلانەکەو دانانی گشت وردەکارییە هونەرییەکانی کە پێویستن بۆجێبەجێکردنی پڕۆژەی تۆڕی ئاوەڕۆی ئاوی قورس و وێستگەی پاڵاوتنی ئاوی قورس، ئەم ماستەرپلانە بە هەموو وردەکاری و پێداویستیەکانی تەواوبووەو لەژێردەستە بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکە، بەڵام پرسیار لێرە ئەوەیە بۆ پڕۆژەکە ئەنجام نادرێت؟ ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پڕۆژەکە بودجەیەکی زۆری دەوێت، بەپێی خەمڵاندنی ڕاوێژکارە ئەڵمانیەکان کە کاریان لە ماستەرپلانەکە کردووە زیاتر لە ٧٠٠ملیۆن دۆلاری پێویستە، ئەم پڕۆژەیەش بە چوار قۆناغ ئەنجام دەدرێت، چونکە ناتوانرێت پڕۆژەکە بەیەك قۆناغ دەست پێ بکات، لەبەر ئەوەی قەرەباڵغی و جەنجاڵیەکی زۆر لە ناو شار دروست دەبێت، هەر قۆناغێکیش بۆ خزمەتکردنی ٦٠٠هەزار کەسە، درێژی هەموو پڕۆژەی ئاوەڕۆیەکە ٢١٩٠کیلۆمەترەو تیرەی ٣٠سانتیمەتر دەست پێ دەکات تا دەگاتە دوو مەترو٤٠سانتیمەترو لە کەرەستەی GRP، HDPEکە ئەو دوو مادەیە تایبەتمەندن بۆ دروستکردنی ئاوەڕۆی ئاوی قورس، ئەو پڕۆژەیە زۆر پێویست و گرنگە بۆ پایتەختی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت، بەڵام وەکو وتمان کێشەی دابینکردنی بودجەکەی هەیە، لە کابینەی پێنجەمەوە تا ئێستا لە هەوڵی بەردەوامداین

**ئەو کۆمپانیانەی گەڕەك و ناو شاری هەولێر لە زبڵوخاشاك پاك دەکەنەوە بەپێی پێویست بە کارو ئەرکەکانیان هەڵناستن**



بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ بەدەستهێنان و تەرخانکردنی بودجەکەی و هەوڵدراوە لە ڕێگای وەبەرهێنان یا قەرزی درێژخایان یا حکومەتی هەرێمەوە ئەو برە پارە زۆرە دەستکەوێت، بەڵام تا ئێستا بێ سوود بووە، چونکە چەندین سێکتەر و پرۆژەی تر کە پێویستی سەرەکی بوون کارو ئیش و ئەولەویەتیان لە لایەن وەزارەتە پێوەندارەکان و حکومەتەوە پێدراوە، هەرچەندە هەوڵەکان بۆ دابینکردنی بودجەی ئەو پرۆژەیە لە چەندین لایەنەوە هەر بەردەوامە. هەر بۆیە ناتوانین بەرواری کاتی دەستپێکردنی پرۆژەکە دیار بکەین، بە تەواوبوون پرۆژەی ئاوەڕۆی ئاوی قورس و وێستگەی پاڵاوتنی ئاوە قورسەکە شاری هەولێر رزگاری دەبێت لە بیری ئاوی قورسی ماڵان، کە هۆکارێکی سەرەکی و ترسناکە بۆ پیسبوونی ئاوی ژێر زەوی، چونکە ئاوی قورسی هەموو ماڵەکان و گەڕەکەکان دێتەوە سەر ئاوەڕۆیەکە.

هەر سەبارەت بەم پرۆژە گرنگە کە تا چەند حکومەت بایەخ بە جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی وا ستراتیژیی داوە، بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی هەولێر وتی: سەرۆکی حکومەت ئاگاداری پرۆژەی ئاوەڕۆی ئاوی قورسی پایتەختی هەرێمی کوردستانە و لە کابینەی پێنجەمەوە تا ئێستا ئەو پرۆژەیە لە کاتی ئیمزاکردنی پرۆژەی ماستەرپلانەکە لەگەڵ کۆمپانیای ڤۆیسینگی ئەڵمانی ئەوە جێبەجێکردنی پرۆژەکەش لە ئەولەویەتی کارەکانی حکومەت و لایەنە پێوەندارەکان بووە، بۆیە دەزانین و زۆر باش ئاگادارن لە کاتێکدا کە کۆمپانیا یا وەبەرهێنێك بۆ گفتوگۆکردن و جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە پێویست و گرنگە دێنە لامان دەڵێن لەوبارەوە سەرۆکی حکومەتیشمان بینیوەو گفتگۆمان لەسەری کردووە.

## پاککردنەوەی زێرابەکان بەتیم و ئامێری کەم

پاککردنەوەی ئاوەڕۆیەکان بەتایبەتی پێش هاتنی وەرزی بارانبارین هۆکارێکی سەرەکییە بۆ کەمبوونەوەی مەترسی لافاو بەڵام کەمی ئامێرو کرێکار ڕێگرن لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی پارێزگای هەولێر وتی: ئەو ئاوەڕۆیەی تا ئێستا لە هەولێر دروستکراوە تایبەتە بە ئاوەشۆری باران، بەڵام ئەو ئاوەڕۆیە ئێستاکە دوو کار دەکات، چونکە جگە لە ئاوی باران ئەوە ڕۆژانەو بەدرێژایی ساڵ ئاوی ماڵان و ئاوی قورسیش بە ڕێژەیەکی زۆر دەچێتە ناو ئاوەڕۆیەکەوەو بەپێی ئەو ڕێژە ئاوەی کە ڕۆژانە لە هەولێر بەکاردەهێنرێت، بۆ بەڵگەی ئەوەش ئەگەر لەوەرزەکانی باران نەبارین تەماشای کەندی هەولێرو کۆتایی ئاوەڕۆکە بکەین دەبینین ئاستی ئاوی ئاوەڕۆکە چەند بەرزو زۆرە، بۆیە لە هەموو وەرزەکان هەرچەندە تیم و ئامێرەکانمان کەم و پێشکەوتوو نییە، بەڵام کاری پاککردنەوە بۆ ئاوەڕۆیەکان ئەنجام دەدەین، گەرچی کارو ئیشی پاککردنەوەمان لەسەرەتاو لە ناو وەرزی زستان و باران بارین چڕتر و زیاترە و لەبەر ئەوەی کرێکارو ئامێرمان کەمە، بۆیە هەندێ جار یا لەکاتی باران بارین کاری پاککردنەوە دەکەین، هاووڵاتیان وا دەزانن تەنیا لە وەرزی زستان هەڵدەستین بە پاککردنەوەی کون و بەربەست و ناو ئاوەڕۆیەکان، گەرچی هاووڵاتیان پابەند نابن بە ڕێنمایەکانی پاراستنی پاکوخاوێنی کوچەو کۆڵان و شەقامەکانەوە، بۆ نموونە هەندێ کون یا حەچەمبەری ئاوەڕۆیەکان پاك دەکەینەوە پاش دوو ڕۆژ دەبینین بەهۆی فڕێدانی زبڵوخاشاك وەکو خۆی گیراوەو پڕبووینەوە و دەبێت دووبارە کاری پاککردنەوەی بۆ بکەین، چونکە بە تاوە بارانێك ئەو شوێن و شەقامە پڕ دەبێت لە ئاو، لەلایەکی ترەوە کارکردن و پاککردنەوەی گەڕەکە کۆن و ئاوەڕۆیە کۆنەکان زۆر گران و زەحمەتە، هەر بۆیە لە پلاندایە ئاوەڕۆ کۆنەکان بگۆڕین و نۆژەنیان بکەینەوە و هەندێ شوێن و گەڕەکیش بەپێی ماستەرپلانی شاری هەولێر گۆڕانکاری بەسەر دادێت و لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییەدا ئەو شوێن و گەڕەکانە پرۆژەی ئاوەڕۆی ئاوشۆری بارانی هاوچەرخیان بۆ دروست دەکرێت، هەروەها لەچەندین شوێنی ترەوە لەناو شاری هەولێر پرۆژەی ئاوەڕۆمان پێویستە، بەڵام لەبەر نەبوونی بودجە ناتوانرێت هەر هەمووی بەیەك جار ئەنجام بدرێن، لەگەڵ شارەوانی هەماهەنگیمان هەیە لە کاتی دروستکردنی هەر شەقام و کۆڵانێك پرۆژەی ئاوەڕۆش لەو شوێنانە ئەنجام دەدەین، تاوەکو تووشی هەڵکەندنی شەقامەکان نەبینەوەو بودجەش بەهەدەرنەدەین، هەرچەندە هەندێ جار تووشی هەڵکەندنی شەقامەکان دەبینەوە، ئەویش لەوکاتانە کە بودجەکەمان دوادەکەوێت، هەر بۆیەش هەندێ کارو پرۆژەمان دەکەوێتە وەرزی زستان.

**ناتوانین بەرواری کاتی دەستپێکردنی پرۆژەی ئاوەڕۆی ئاوی قورسی هەولێرو و وێستگەی پاڵاوتنەکەی دیار بکەین**

## کارێکی زۆر بەبودجەیەکی کەم

هەروەها سەبارەت بە بودجەو پارەی بەردەست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حاڵەتی لەناکاو و کاری ڕۆژانەو چاککردنەوەی بەپەلەی هەندێك ئاوەڕۆ بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی پارێزگای هەولێر وتی: ئێمە مانگانە بودجەی پێشینەی بەگەڕخستنمان هەیە، بەڵام ئەو پێشینەیە بەپێی ئێستای هەولێرو قەزاو ناحیەکانیش کە کارو ئیشەکانیان لەسەر ئێمەیە زۆر کەمە، بۆیە پێویستە بۆ زیاتر کاراکردنی و ئیشەکانمان و بەدەنگەوەچوونی هاووڵاتیان بودجەی بەگەڕخستنەکەمان زیاد بکەن، هاوکات لە هەندێ پرۆژەی ئاوەڕۆدا پارێزگاری هەولێر بودجەمان بۆ دابین دەکات.

## نەخشەی ئاوەڕۆی ئاوی باران بەتەواوی نییە

کەموکوڕی و نەبوونی تەواوی نەخشەی ئاوەڕۆی هەولێر گرفتێکی تری بەڕێوەچوونی کاروباری ئاوەڕۆکانە، لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی پارێزگای هەولێر وتی: ماستەرپلانی ئاوەڕۆی ئاوی قورسی شاری هەولێر لە ١٠٠٪ بە هەموو وردەکاری و ئیشە هونەرییەکانیەوە تەواوکراوەو ئامادەیە و جێبەجێکردنی پرۆژەکەش سەرتاپای شار دەگرێتەوە، بەڵام نەخشەی

**کێشەمان لەگەڵ هەندێ لە ئاوەڕۆ کۆنەکان هەیە کە پێویستیان بە گۆڕین و فراوانکردن و نۆژەنکردنەوەیە**